بەبۆنەی ساڵی نوێیەوە

دوو دێر -بەنهێنی- بۆ بارزانی

١٩٩٥/١٢/١

١

وەختێ تۆ بووی هیچ کەس نەبوو
هەنگاوێکت بۆ تەواو کا ،
تۆ خۆت یەکەم هەنگاوت نا و
هەر خۆت نیشانەشت پێکا !
ئێستەش ئەوەم لە لا سەیرە
بێ پێشڕەوێکی وەک ئێوە
دەبێ کاروانی مێژوومان، لەم شەختەدا چۆن ڕێکا
هۆ شێسوارە نەبەزەکەی کەژی کەژان
ئەسپە شێکەت زین لە پشتە فەرموو سواربە
فەرموو سنوور و پێدەشت و دوند و واربە
فەرموو گوند و فەرموو شاربە
فەرموو زریان و تۆفان و فەرموو نەورۆز و بەهاربە
کەتۆ هەبووی هەر تۆ هەبووی
هەبووی، سەرووی گشت هەبووان بووی!
هەرکەس سەری لێ دەشێوا
هەرکەس ڕێگەی لێ ون دەبوو تۆ باوان بووی!
بۆ دڵدارانی ئازادی هەر سایەی تۆ جێ ژوان بوو
کە تۆ هەبووی ئەمان هەموو دەستەونەزەر
چاوەڕێت بوون
دەروێشەکانی دوێنێی خۆت، چی قەوماوە وەها شێت بوون؟
تۆ خۆرێک بووی ئاسمانی شینی کوردستان
بەشی باڵای نەدەکردی
ئەی پێم ناڵێی ئەم ڕۆژگارە حەرامزادە
لەناو گەڤی ئەم سەگوەڕە نەبڕاوەدا بۆ کوێت دەبات بۆ کوێی بردی
بۆ کوێت دەبا ، چییە دڵم وێران دەکات؟

٢

دڵم ڕووت بوو ، ئێستە چمکێ لەیادی تۆی لەبەرایە
بۆچی سەرم دەتەقێنن، چونکە ئەویش
خۆشەویستی تۆی وەکو تاج لەسەرایە ؟!
ئەوسا ناوت بەڵگەنامەی خەباتمان بوو
ئەمڕۆ بۆچی لەسەر زارمان هۆی هەرایە ؟
ئەوسا هەبووی ڕابەرمان بووی
ئێستێکەش هەیت و ، ئەو ڕێگەیەی کە بۆت کێشاین
بەیتی کۆڕی نەدیمانە
ئەوەی ڕۆژی لا ڕێتی کرد هەتا دەمرێ پەشیمانە
کە تۆ هەبووی هەر تۆ تۆ بووی
ئەمڕۆش ئەگەر ئەم دنیایە شێت بازاڕ بێ
تۆ هەر تۆیت و هەر شێ سواریت
تۆ سروودی سەربەستیت و
ئاڵای بەرزی کوردستانێکی یەک واریت!
کوردستانێکی یەک زاریت!
چاوگەیێک ئەشکم بۆ ڕشتی و ئەم دووکەلیمەم بۆ وتی:
نەمن پیری ئاتەشکەدەم، نە تۆش بتی
تۆ زیندوویت و منیش لەناو بەستەکاندا
ئازادیخوازی خۆشخوانم
پێویست ناکات بۆ ئافەرین
بینووسمەوە ناونیشانم...
تۆ شەفەقی ئیلهامیت و
منیش بانگی بەربەیانم
نەیارانیش بۆیان دەلوێ
شیعر بکەن بەتاوانم!
تۆی باوانم

***

بارزانی

٢٠-٢٥/٢/١٩٩٢

له دەرگام دا –وەک شاعیرێک–
خنجەرێ بوو دەرگای لەمن خستە سەرپشت
لەسەر لێوی وشک هەڵاتووم توێژاڵێک بارم داوەران
پرسیم ئەرێ ئەوە کێیە؟ لەسەر تەختی خەت و خەبات دانیشتووە؟
تیر و تاوی هەناسەمی وەکو مێژووی ئەم چەرخەمان،
لەسەر دەستی هەڵکردووە؟
براییـنە بێ ئارام بووم، چاک تێم ڕوانی
چاوی شیعرم خستە ڕێگا ببینیم خانی و جگەرخوێن و
مام هێمن و بێکەسی بوو و کەسانی تر
دڵم وتی من دەیناسم ئەحمەد پاشا و شێخ مەحمود و شێخ سەعید و سوارانی تر.
قەڵەم سەری خۆی هەڵبڕی، وتی ئەمە...
پیرە مەگروون و قەندیل و زەردە و هەڵگورد و شاهۆیە
خیرەدمەندی هزر و هۆشم وتی کاکە خۆ بارزانیی من و تۆیە
له خۆمەوە لە خۆم هەڵچووم وتم ئەرێ گەورە و بچووک بۆ نافامی؟
وتم بۆچی وا بێ وێڵی؟ دەڵێی ئازاری ناو زامی؟!
وتی بەڵێ کە دەڵێی ڕۆژ هەر دەڵێی ڕۆژ
حەقیقەتیش ڕیای ناوێ
تۆ کە ناوی زریان دەبەی دەڵێی زریان
کە فرمێسکی چاوی دایکی شەهیدێکیش دەکەی بە بۆن
هەر دەبێتە نۆتەی گریان
کە بەچاوی خەم و یادیش ڕوو دەکەیتە ئەو کێوانە
تەنها کەسێک لە شیعرتا دەبێتە کێش و پێوانە
بەرزانییە، پاک و بێ گەرد وەکو سەرچاوەی دیوانە.
تۆ بەرزانی... کە لە دەرگای مێژووت دەدا
لەو دیوەوە ئەهریمەن بوون زەنگی مستی تۆیان دەکوشت
تۆ بەرزانی کە لە دەرگای مێژووت دەدا ئارەقێکی پاکت دەڕشت
تۆ کە چوویتە مێژووەوە ئەحمەد پاشات بیر نەچووبوو

شێخی نەمر گوللەبەندی کاک ئەحمەدی کردە قۆڵت
هەڵۆیەگ و عەولەسیسیش وتیان سەفەرت موبارەک
ڕێگەی سەفەر تووڵانی بوو، هات و نەهات
هەڵمەت بەرەو دۆندی خەبات
تۆ هەڵکەوتی... تۆ پێشکەوتی
لە قیرۆقاجی ئاهەنگی گیان بەخشینا
گۆچانەکەی ئەحمەد پاشا و خنجەرەکەی شێخ مەحمودت لە دەستا بوو
تۆ سروودی ئەی ڕەقیب و ئازادیخوات لە هەستا بوو
کوردیش دەیوت، هەی دەستت خۆش هەی دەستان خۆش
لە بابەکی خوڕەمیەوە پشکۆیەکی خۆڵ لێ نیشتوو گەشایەوە
ڕەنگی سووری شەفەقی نوێ بەسەر نەورۆزی ئەیلوولا کرایەوە
تۆ کە سواربوویت، هەر چەندیان کرد دانەبەزیت
سواربوونی تۆ وەکو مشکی و جامانەکەی شێخی نەمر، بوو بەنەریت!

تێهەڵکێشی یەکەم:
هۆ سوارەکان... هێشتا سەری مەیدان دوورە
هێشتا دوژمن چاوی سوورە
دامەبەزن، تاو ئەم تاوە، هەل ئەمڕۆیە
ئەمڕۆ هەر ڕۆژی کورد کوردە، نەمن منە و نەتۆ تۆیە!
دەرگای مێژووت وا کردەوە
خەڵکی دەیوت ئەوە کوردە و ئەوا گرەوی بردەوە!
تۆ سوار چاک بووی، تۆ ئیمام بووی، نوێژت دابەست،
کوردیش هەمووی لە ڕیزدا بوو بەدوای تۆدا
یا کوردستان یا نەمان بوو
دوژمن ماری بێ ئامان بوو
دانەبەزیت ئەسپەشێکەت لە تاوا بوو
خۆرت نابوو بەشانەوە بەرەو ئاسۆ
تاریکەشەو کەوتە لەرزین
سوێندم بەگۆڕی شەهیدان دەستم لەسەر دڵم دانا
نەفرەت نەفرەت لە دابەزین

تێهەڵکێشی دووهەم:

دەرس وەرگرن... دەرسێک و دووان
دوو دەرس و سیان... سێ دەرس و چوار
دەرس وەرگرن هەر نوچێک و هەزار خەسار
دەرس وەرگرن هەل ڕەخساوە
قیرائەتی سەبعەی ئەنفال هێشتا لەناو بڵندگۆدا خوێنراوییە
هێشتا بن باخەڵی دوژمن یۆرانیۆم و کیمیاوییە
هێشتا هەڵەبجەی شەهیدمان
بەدوای گۆڕی بێ گۆڕاندا هەر عەودالە
هێشتا سروودی سەپێنراو هەر بۆ پەرستنی دالە
دابەزینیش -بەچاوانتان- لەم دۆخەدا بۆ پێچاڵە
دەرس وەرگرن دەرسێک و دوان
دوو دەرس و سیان، سێ دەرس و چوار
هاوار هاوار هاوار هاوار
دانەبەزیت، ئەسپەشێکەت لە چوار ناڵە نەکەوتبوو
کاتژمێری بەر باخەڵت نەخەوتبوو
دەست لە دەست و هێز لە کورد بوو
شەپۆڵت دا ڕامالێن بووی
میللەت یەک بێ و ئامانج یەک بێ و ڕابەر سواری پێش سواران بێ
دەبێ کوردستان دایک و شۆڕش خۆی ماڵە باوان بێ
دەبێ دوژمن تانخونی چاوی سووری لەتاوان بێ

تێهەڵکێشی سێیەم:

بیرتان نەچێ ئەسپەشێکەی بارزانیمان
پیلان ئاڵایە دەست و پێی
هەڵەنگوت و بارزانیمان دانەبەزی
ئێوەش نەکەن داببەزن، هێشتا سەری مەیدان دوورە
هێشتا دوژمن چاوی سوورە
هێشتا حەپەی سەگی ئەنفال، لە تونکە تونکەی گەرمیاندا پڕ بەپڕی شارەزوورە!
دامەبەزن پیاوی چابن، یەک بن، ڕابن. ڕابن. ڕابن!!

تۆ دەتزانی و دانەبەزیت،
ئەسپەشێکەت هەڵەنگوت و دانەبەزیت
دانەبەزیت و جامانەی سوور، لە تۆوەوە بوو بەنەریت
تا ئەو ساتەی مردن ماڵی دڵی گرتی، دانەبەزیت
ڕووم کردە خوا دەستم لەسەر دڵم دانا
پرسیم، پرسیم، تۆ بۆ نەژیت، تۆ بۆ نەژیت؟؟
ئێمە پێویستمان بەتۆ بوو ئەو ساڵانە
تۆمان دەویست وەکو باران
تۆمان دەویست وەکو جاران
تۆمان دەویست وەکو سێبەر بۆ ماندوومان
وەکو بەڵگەی ڕابووردوومان
وەک شایەتی داهاتوومان
تۆمان دەویست وەکو باب و مام و برا
تۆمان دەویست وەکو ڕەمزێ وەکو چرا
وەکو ڕابەری خۆشەویست تۆمان دەویست
پیلان. پیلان. پیلانبازان بۆ وا زۆرن؟؟
پیلان وەکو هەرەس هات و ڕێگەی بڕی
پیلان وەکو لافاو هات و ڕێگەی دڕی
ئەسپەشیی تۆ نوچێکی دا و دانەبەزیت
لەو ڕۆژەوە لەعنەت کردن لە پیلان و پیلانبازان،
لەناو کوردا بوو بەنەریت.
هۆ خەڵکینە خنجەرەکەی بارزانیمان لەلای کێیە؟
خنجەرەکەی بارزانیمان نابێ کێلان کولی بکات
بەدەستەوە گەوهەردارە
ئەسپەشێکەی بارزانیمان کێ سواری بێ تا سەری شار دانەبەزێت
پەیکی ڕێگەی ئازادی بێ و نامە بەرێت!
بۆ سەری شار زۆری ماوە
ئەسپەشێکەی بارزانیمان زینێکی نوێی لێ کراوە
کێ خۆی دەگرێ لەسەر پشتی، ئافەرینی بۆ دەبارێ!
کێ خۆی دەگرێ لەسەر پشتی، ژیان بکات بەنیگارێ!

پێشکەشی کات بەهەزارێ.
کێ بارزانی وەکو چرا لە دەروونیا وەکو چرا هەڵکراوە
دەرس وەرگرێ هێشتا دوژمن چاوی سوورە!
مەملەکەتی تاوانی ئەو هەموو ڕۆژی هەر عاشورە!
بەڵێنی ئەو ژیلەی ماتی بن تەنوورە!
نازناوی ئەو لەمبەرەوە سیادەتە و لەو بەرەوە هەر شاپوورە!

تێهەڵکێشی چوارەم:

دامەبەزن، ترسم هەیە، بوومەلەرزە لە ڕێتانا سەرباتەوە
کێ بارزانی بەرابەری خۆی ئەزانێ، جارێ پشتێن نەکاتەوە
خۆپەرستی و منمنانێ لە دڵیا پەچ نەخاتەوە.
دوێنێ چوومە سەر مەرقەدی ئاوباریک و
لە میحرابی دەربەندەکەی بازیاندا چوومە سوجدە و
نێوچاوانم خستە سەر بەردەقارەمان
بێ هۆشییەک –وەکو حاڵی دەروێشان بوو– دای پۆشیم و خەوم لێکەوت
عەقڵم سرەوت، تەماشام کرد وا شەڕ گەرمە
دەربەند گەرووی جەهەنەم بوو، شێخمان سواری ئەسپەشێ بوو
تاوێ بەرەو کەورگ و شاخ، تاوێ بنار
ماوزەری خۆی دەخستە کار
تێکرژان بوو، پیا هەڵچوون بوو
شریخە و شاخ، هاوار و ئاخ، بگرە و بەردە
دڵی دەربەندی هەڵتەکان
بەشێخیان وت با دابەزێت
گەرووی دەربەند دەکەینەوە بۆ کوێ دەچێت!
شێخی نەمر دانەبەزی
گرکان لە نوێ تاوی سەند و دڵ و دەمی زەوی پژا
ئای سوار گلا، ئای خوێن ڕژا!
شێخی ئێمە دانەبەزی، فەرمووی نەفرەت لەدابەزین!
تەختی لەندەن کەوتە لەرزین!
بەڵام... ئەم بەڵامە ڕەزا قورسە
هەر مەپرسە و لێم مەپرسە

دوژمن ڕێگەی دۆزییەوە کە بگاتە ناو دەست و پێی ئەسپەکەی شێخ
چاوی مشیر بوو بەڕەسەد
دەم و لەوسی بوو بەپێڵاو
دڵی مشیر بوو بەزێراو
گەرووی مشیر کرابووەوە وەک لوولە تۆپ
دوای مشیریش بوو بەجێ باسی شڵپ و شۆپ
گەدەی مشیر بوو بەبەرمیلی پاشخوانی سیخ و گورگە
تف لەو چاوە، تف لەو دڵە، تف لەو ورگە،
ئەسپەشێمان هەڵەنگوت و برینی شێخ موبارەک بوو، دانەبەزی...
حاڵ بەری دام
لەعنەت بارانی مشیر بوو
شۆڕەسواری قارەمانمان لەسەر پشتی ئەسپەشێ بوو کە یەخسیر بوو
کێ دەڵێ شێخ بەموستیلەی سلێمانی خەریکی میر و گزیر بوو؟!
شێخ یەخسیر بوو!
هەر گیرفانی پیاوماقوڵ بوو، بوو بەخواری دێڵە شڕوو
هەر لەگەن بوو چاوی لە دەمی کەوگیر بوو

تێهەڵکێشی پێنجەم:

دەرس وەرگرن پێشرەوەکان
مەبن بەباسی کەوەکان
مەبن بەرازی ڕەوەکان
تێکشانێک و دووان و سیان
ڕەوێک و دووان، ڕەومان ناوێ
ئێمە فێری ڕەشبەڵەکێن خەومان ناوێ.
من لێرەوە کۆڕی بەرێزان جێ دێڵم
بۆ تەوژمی هۆشی خۆم و هەندێ بەخۆما دەچمەوە
من دەچمەوە ئەو ڕۆژانەی...
ئەو زامانەی کە پەترۆیان کەوتۆتە سەر لەگیانمدا
دیدەنییان دەکەمەوە
دەشێ شیعریش بەدیوانی کۆنی خۆیدا بچێتەوە
دەشێ فرمێسک، ئەوەی کەوا قەتیس ماوە لە سۆزێکا بڕژێتەوە
دەشێ دەنگی ئەحەی ناسر بگاتەوە ناو دڵی شارا؟

دەشێ بنجی سووتەمەڕۆ هەڵباتەوە ببێ بەدار!؟
منیش هێشتا گوێم لە هۆرەی جوتیارەکانی هۆرێنە
بانی خێڵان بەزمی تیایە
عەربەت ئاوی لێ بڕاوە
لە پانتایی دزەییدا خەرمان شەخڵی خەم کراوە
زۆر وتنیش وەکو دەڵێن بۆ کەلامە
جامی دەستم هەمان جامە
خەمی هزرم هەمان خەمە و پەترۆ لابەی، هەمان زامە
بۆیە شیعرم هەردەم دەنگی هەژارانە
شیعرم بەستەی ڕەشبەڵەکی خوێن جمانی نێو شارانە
شیعرم سۆزی گەلی کوردە، لەگەڵ کوردایە نامرێ
شیعرم ئاڵای ئازادییە
کێ دەتوانێ ئاڵای شیعری من داگرێ؟!
زەوی شیعرم لە گەڕدایە، کێ دەتوانێ زەوی شیعری من ڕاگرێ؟؟
بەهەشت سەلام...
تۆ پیرۆزیت، چونکە تۆ جێگەی بارزانیت
تۆ بە شەهیدی ئێمەی کورد ئاوەدانیت، پێ دەزانیت؟!
من دەروێشی مەولەویم و هەوری ڕەحمەت
بەئاسمانی داوامەوە ئاڵاوەتە لوتکەی شاخان
کەی کەم ئیستەکەم شەستەکات بەسەر مەزرای بارزانیدا
لە دڵۆپی ئەو فرمێسکەی دایکی شەهیدان ڕێژایان
چەمی گوڵاو دەگرینەوە
بۆ ئاوڕشتنی ئارامگای
پەیامبەری خۆشەویستم بۆ لای گیانی شیعرم دەبات
ئەوەی شێ سواری سوارانە ئەی بارزانی
دەبێ، دەبێ لە تۆ بکات
ئەی بارزانی...
تۆ سروود و دەفتەری جاویدانی، ئەی بارزانی!

***

قەڵەم و بارزانی

ئەمجارەیان من بەقەڵەم دەدەم لە دەرگای مێژوومان
مێژوو کتێبێکی کوێرە، ئەگەر قەڵەم هەردوو چاوی نەکاتەوە
مێژوو وەرزی خۆڵ بارانە ئەگەر قەڵەم لەنوێ ئاوی نەداتەوە
قەڵەمی من سەرچاوەکەی ئێجگار ڕوونە
بیری چاکە، وتەی چاکە، کردەی چاکە
قەڵەمی من خەنجەرەکەی شێخ مەحموودە،
بڕنەوەکەی بارزانییە.
قەڵەمی من نالی و ئەحمەدی خانییە...

*

مێژوو دەرگات بخە سەرپشت...
شێ سووارێکی جامانە سوور، سەرلەشکر بوو
کە ئەسپەکەی نووچێکی دا
لەناو توونی گەرووی تۆدا بەرەو کوێ چوو
دەتۆ شوێن دەستی ئەو ئەسپەم نیشان بدە
کوێریت بەسە، خۆت لەدەرگای ویژدان بدە
ڕێ بەباڵی زمان بدە
بوو بەڕەهێڵەی بەهارێ...
بەتاڤگەدا هاتە خوارێ،
بۆ سەر مەزرای ئەو هیوایەی دەبێ بەخەونی هەژارێ
بوو بە بەیان لە ئاسۆوە سەرباتەوە
بوو بەنەورۆز ئاگری نوێ بکاتەوە
لە دەروونەدا وەکوو بڕوا جێی گرتووە
لەو ڕۆژەوە سەرقافڵە بوو ئەمڕۆش لەسەر چیاکانمان
ئاڵایەکی جهێشتووە
ئەسپە شێ کەی هەڵەنگووت و دانەبەزی
کە خوا داوای گیانی لێ کرد، چاوی لێک ناو سەری ناوە!
لەویژدانی ئەم چەرخەدا بوو بەکۆڕەو
لەئاگری ئەنفالەوە وەڵامی خوای خۆی دایەوە!
لە جەلجەلەی شیعرەکانما وەکوو مەسیح هەڵسایەوە!
ئەی میوانە عەزیزەکەی شیعر و بەستەم

ديوەخانی دڵی منە ئاوڕشێنە
لای سەروومان بۆ داناوی
چاشتی هەژار نان و دۆیە، کەی تۆ لەمن دابڕاوی
تۆ ئەو تینەی، ئەگەر شەختەی ئەم ڕۆژگارەم
بەسەر سەردا بێتە خواریٚ
تیری تەرزەم وەکوو مەینەت لیٚ بباریٚ
پشکۆیەکی ئێجگار گەشت، دەخەیتە نێو کوانووی دڵم
دەژیێمەوە، تاو دەسێنم
تۆ نەمریت، بۆیە منیش هەر دەمێنم!

*

بەهەشت. سڵاو، تۆ پیرۆزی
چونکە تۆ جێگەی بارزانیت
تۆ بەشەهیدی ئێمەی کورد ئاوەدانیت!
پیٚ دەزانیت؟
ئەی بازرانی! تۆ، وەتەنە بۆ مەفتوونەکەی بێکەسیت
هەڵۆی دیوانی گۆرانیت
تۆ پێناسەی خەونی خۆشی هەژارانی کوردستانیت!

*

هۆ... کوردستان، کەی بانگ دەدەی
بێم بۆ جەژنی ئاوەدانیت؟
شیعر بکەم بەشاباشی ئەو شایییە و
ببمە کاکە مەمی خانیت!
لە میحرابی بارزانیدا نوێژ دابەستم
بەرماڵەکەم گۆمی وان بیٚ،
ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ هەتوانی گلی چاوان بیٚ!
کوردایەتی بۆ هەموومان، ماڵە گەورەکەی باوان بیٚ
شکۆداربیٚ یادی نەمران
ئازادی بۆ ئازادی خوا و هەژارانی کوردستان بیٚ!
ئازادی بۆ ئازادی خوا و بەشمەینەتی کوردستان بیٚ.
تقدیسم بۆ بارزانی بیٚ و خۆشەویستیم بۆ (بارزان) بیٚ.

***

بۆ تەقدیسی بارزانی چەپکە شیعرێکم هانی(*)

١٩٩٣/٨/١٦

میدادی فرمێسکمە و بەخەم گرتوومەتەوە
ئاگری ئەم خولیایە هەر خۆم کردوومەتەوە
شۆڕە سوارەکەی ئەیلوول، پێشڕەوی کاروانی خەم
سیحری وشەی پیرۆز و گیانی هەزاران قەڵەم
نەدابەزیت نەمردیت، لەسەر تەختی خولوودی
تۆ پێشەوای ئەم گەلەی، هاودەمی شێخ محمودی
ئەوە حیزبت گەورەیە، کاکە مەسعود ڕابەرە
ئەوە جامانەی سوورت دروشمە و تاجی سەرە
من دەروێشی ڕێگەتم، نەزەرگەمە، مەزارت
شیعر دەکەم بەڕەنگیٚ لەسەر تابلۆی نیگارت
تۆ نەمردووی، تۆ ماوی، تۆ نووری هەردوو چاوی
تۆ شایانی درووود و هەزار سڵاوی

***

پێشەکییەکی لەنویٚ

١٩٩٣/٩/٦

من ئەندێشەی خۆمم دەدواند
باڵی وەکوو باڵی سیمرخ کرایەوە
وتم بۆ کویٚ؟...
ئەی نازانی ئەوا دەرفەتیٚ ڕەخساوە
ئەوا هەلێک وەکوو ئاڵای ئازادیمان هەڵکراوە
کوردگەل جەمن، ئاهەنگ گەرمە
بارساییەکی خۆشەویست لەسەر سەرمە
ئەویش سێبەری هومایە
چۆن سێبەریٚ! بەقەد پانتایی دنیایە!

(*) ئەم شیعرە لە کۆنگرەی (١١)ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە هۆڵی زەرد لەشاری هەولێر ١٩٩٣/٨/١٧ خوێنرایەوە.

لەسەر «طوور»ی کوردستانم، ئاگرێکم لێوە دیارە
ڕووی لێ دەکەم، چراوگی دەهێنمەوە
ئێوە لێرە چاوەڕوان بن
بەشێک لە ئەندێشە و ژان بن
ئەوە «طوور»ەو ئەوەش ئاگر
وا من دەڕۆم
وا من خەمی گەورە دەخۆم
نایشارمەوە گوڵهاوێژێک ڕێگە مابوو بگەمە لای
وتیان لێرەدا بوەستە، با نەسووتێی
ئەوە نووری بارزانییە
شیعریش خەرمانەی خۆبەتی و دیاریی (بەردەشانی)یە
وتم حەللاجی سەردەمم... من ناسووتێم
ئەو سەرچاوەی ڕاستیمانە و جۆگەییێکم لەوێوە دێم
کە ئەو نوورە، منیش شاری ئاوەدانم
کە ئایەتە، منیش تەجویدی قورئانم!
کە ئەو هزرە، منیش هەموو ناوەکانی،
خۆشەویستیی ئەو دەزانم!
سەڵامێکم لێوە هێنا... پەیامێ بوو
کڵپە و گڕی زامێکی قووڵ، چ زامێ بوو؟!
لەو ڕۆژەوە کوردایەتی خەونی کوردە
هەڵگیرساوە
گەرداو هێزی کوژانەوەیی تێدا نەما
لەبەر پێیدا کەوت بە دەما
ئەسپەشێکەی بوو، نووچی دا و دانەبەزی
سوار هەر سوارە
هەزار ئاگریان نایەوە
داربەڕووشمان وەک خۆی دارە
نەورۆزیشمان پیرە جەژنی هەرزەکارە!
ئێوەش وەرن گوێ ڕاگرن...
شاری شیعرم شڵەژاوە

سایەی هومای بارزانییە، بەسەرماندا هەڵدراوە!
بۆ ئەم یادە، ئەم ئاهەنگە
من داستانێکم داناوە
با (سامری) هەر فوو بکاتە گۆلکەکەی
ئەوە قەبەسی بارزانی لە بیلبیلەی گیانیشماندا هەڵکراوە!

***

بەردە نوێژ

١٩٩٣/١٠/١١

لە زریانی ئەندێشەما وا سێ ڕۆژە خامەم لەناو گەردەلوولا
گێژاوی خەم لە خۆی دەگرێ
چاوم گەرداو دەبارێنێ
گەرووم هەنسک دەیخنکێنێ، نازانێ چۆن بناڵێنێ
خوایە فرمێسک، خوایە گریان
خوایە کەمێ هێوری کەی نرکەی زریان
شێ سوارەکەی بارزانمانە وا دێتەوە
دوور وڵات بوو
جگەر گۆشەی بارزانییە وا دێتەوە، دوور وڵات بوو
ئەمڕۆ لەشاری دڵمدا کارەسات بوو، مەرگەسات بوو
خوایە فرمێسک، خوایە گریان
با خۆم نەبمە خودی زریان!
نەقەڵەمم لا بمێنێ، نەپەیڤێ بێ بەدەنگمەوە
نەپەترۆیێک یەخەی زامێکم بەردەدا و
نەدەنگ دەکرێت بەزەنگمەوە
ئەمڕۆ ئەگەر من قەندیل و زەردە و شاهۆ و حەسارۆست بم
دەشکێمەوە بەسەر خۆما
وەک گۆمی شین لەناو چۆما
بەردەنوێژی گوێ چەمان بم
سەڵاواتی سەر لێوان بم
نوێژ دەکەم و نوێژم لەسەر دادەبەستێ

ئەوە تەرمی بارزانییە دوور وڵات بوو
خۆر فرمێسکی چاوی لێڵی ڕۆژهەڵات بوو!
من و گەردوون، من و ئەندێشە و فرمێسک و خامەی خەمین
من و ئازار و ئەمەک و سۆزی برین
بووین بەهەورەکەی مەعدومی و دەبارینە سەرە ڕێگای
ئەو کاروانەی کەژاوەکەی بارزانییان لەکۆڵ نابوو
لە پێش دەمیا هەزاران یاد بۆ ڕێزی ئەو خۆی لادابوو
خوا... بۆ منی نەکرد بەخاک: خاکی گوندەکەی بارزان بم
وەکوو دەروونی تەبایی، ئەمڕۆ منیش ئاوەدان بم
هیچ نەبوایە با تەرمەکەی بارزانییان لەسەر دڵم دابنایە
دەبووم بەدارێکی گەورە... خۆشەویستی ئەم سێ ڕۆژەم
دەخستە ژێر باڵی سایە... وەک ئاڵایە
هەتا شیعرم پێ بمایە هەتا دڵم لێی بدایە
هەر نەم دەهێشت ناتەبایی بەگوزەریا بهاتایە

***

بۆ چلەی ماتەمی پیرۆزیاد حەمە صالح ژاژڵەیی

١٩٩٢/٨/٢٦

لەسەر مەزرای بارزانیمان دەستە و نەزەر تاوێ وەستام
شووشەی زارم پڕ لە گوڵاوی سەلام بوو
بەسەر گڵکۆیدا پرژانم
وتم گەورەم. بەستەی ڕێزت کەس نزانت ئەز دزانم
ئەز لە سێبەری -زەردە-دا کە گەورە بووم
هەوەڵ هەنگاوی هزرم بوو...
ناوتم لەناو دڵما دانا
جامانەی تۆم وەک گۆچانی ئەحمەد پاشا و وەک خەنجەری شێخی نەمر کرد بەشانا
کە ڕێم کەوتە چواردەڕێیان تۆ هەر تۆ بووی
بۆ ڕێبواری شەوی نوتک، هەسارە بووی لە ئاسمانا
ئێستەش کە گیرفانی چۆلم، ڕۆژی چەندجار
دەست و پەنجەم ڕوو زەرد دەکا کە دەگەڕێم بەدوای نانا
تۆ هەر تۆیت و منیش لێرە واقم وڕە
دەوروبەر ژاژی کێشەیە، هۆشم سڕە

لەیارانی مەهابادت، دوێنێ گیانی حەمە صاڵح
لەگەڵ گیانم ئاشنا بوو
سەری لەسەر لاوانەی خەم، بەبێ لاوانە دانابوو
وتم کاکی کوردپەروەرم، ئا بڕوانە شوێنت چۆڵە
لە دەفتەری مێژووماندا، دەوروبەرت هەمووی خۆڵە
لەوێ کورد و کوردایەتی، بوو بەئینجیل و ئایەتی
بەشەکەتی ملی ڕێگەی خۆی گرتووە و کۆڵ بەکۆڵە
کاکی برام ژاژڵەیی-
دەست لێ شتن وا خەریکە ئەبێ بە درم بە پەتا
دەتوو یادی پێشەوامان دەتوو یادی بارزانیمان، تیشکێ بخەنە سەر خەتا
کاکی برام ژاژڵەیی ئەمڕۆت لە گشت ڕۆژێ خۆشتر
تۆش وەرەوە زەنگی خەتەر ڕاوەشێنە
بۆ سەبونی ڕێی گەرمیانت ئەشک و شیعرم باوەشێنە
سبەی دەستی بێ پاروومان کە بەعزی کرد لەگەڵ دەما
سبەی سەرما ڕێگەی گرت و گوڕمان نەما
ئەگەر ڕۆژ بوو ئەوا بەڕۆژ، ئەگەر شەو بوو وا لەشەوا
تۆفی لەعنەتت هەڵبکە بۆ سەدام و ئال و بەیتی
بۆ بۆرجوای چاوچنۆک و هەرچی هەیتی
بۆ قاچاخچی گوللە نەبڕ جنێو نەبڕ
بۆ گیرفانی خاڵیی ئێمە و بۆ گیرفانی زۆر قەبە و پڕ
بۆ دروشمی چاوپۆشیمان
بۆ ئەندێشەی بێ بەرهەم و بۆ سروودی بێ هۆشیمان
بۆ تەبایی سەردەم و لێو
بۆ ناکۆکی تا کرۆکی ئەم چەم و چەم ئەم کێو و کێو
پشکۆیێکی ئەم فرمێسکەم بکە بەدەستە چیلەیەک
با ئەسپەکەی ئێوەی نەمر بیخاتە ڕازی حیلەیەک
بەشکو ئیتر شێ سوارەکان بێن بەخەوا
هەتاکو خۆر نەخنکاوە لەناو لیتەی خەستی خەوا
یادت پیرۆز، هەر پیرۆزە یادی ئێوە
بەرێنمایی ئێوەیە کە مێژوومان وا بەپێوە

***

دەستم

١٩٨٨/١/٢٨

بەدەستمم وت: بۆچی هەرچەند
خامەیەکت پێ هەڵدەگرم...
دێیتە لەرزین؟
دێڕ و وشە بەسەریەکدا دەڕووخێنی،
ئەوەی کە هۆش و ئەندێشە پێت دەسپێرن
کەس تێ ناگات چۆنیان دێنی و چۆنیان دەبەی
دەربڕینیش خۆی نازانێ،
چۆن لە مەعنا و کەڵکی دەخەی؟!
وتی: یاشێخ... ئادەی فەرموو...
لە جێی خۆت تۆزێ بەم لاوە
چاوکە، چاوکە. چی دەبینی،
هەروا دەستە و بێ پەنجەیە
هەر پەنجەیە وا قرتاوە!

***

ئەو... ئەوان

١٩٨٩/٤/١٥

وتم: هەی داد... ئاخاوتنت هەر کاوێژی
بەرماوەیە
ئەو ساکە، تۆ، چێشتەنگاوان برسیت دەبوو
وام دەزانی فریشتەیت و بۆ ڕەزای خوا
سک دەبەستی
وام دەزانی لە تەک ئەوا لە خەڵوەدای بێ دەربەستی
هەر وشەیەک لە لێوتەوە هەڵدەخزا...
شیرین بوو وەک کولۆی قەند بوو
بەمانا بوو دەوڵەمەند بوو
ئەگەر چڵکی یەخەم دەدیت، دەموت دەس پاکە، هەژارە
تێ دەکۆشێ، دنیای ناوێت.
ئەم مرۆڤە لەوانەیە: فریشتەی ڕێی ئازادین و

گیان دەبەخشن لەم ڕێیەدا
سەرسام مەبن. قودسییەتی ئا بەو پلەو
بەو جێیەدا!
کەچی هەی داد... چی ڕووی داوە
وا پێ و دانی خۆت گۆڕیوە؟
وەک مرۆڤێ زۆر ڕەوایە تێر و پڕ بی
مێردی ژن و بابی بەبەی کچ و کوڕ بی
پاشەڵ پیس نیت بۆ پێشەڵی خۆت پیس دەکەی؟
چی ڕووی داوە؟!
چاو دامەخە سەرە بەرزەکەی جارانتم
لەبەر چاوە
وتی: ئەو بووکی خەیاڵەی پێتم ناساند
تۆ نازانی چەند عەیارە!
(شیرین) ئەمڕۆ باوەڕ نییە
خەزنەیێکە پڕ لە پارە
– (ئەگەر وایە... بێ پێم بڵێ: بۆ بەهاشەی
دەم و پلت منت کێشایە بن باڵی؟!)
– سۆزانییە... منیش وەکو داوێن پیسێ
چوومە پاڵی،
دەس ماچ نەکەم دەستم دەبێ بەمشکێکی
وشک هەڵاتووی بنی گیرفانێکی خاڵی!
کە تێم ڕوانی، هەر بەزمان لە کورد دەچوو
بەم لەعنەتە منیش ئەوەم لێ داماڵی.

***

جێم کەرەوە

١٩٨٩/٤/٢٥

لانەوازم، بەدوای خانەخوێدا وێڵم
وا خەریکە وەڕس دەبم. با ئەم شارە جێ نەهێڵم
درەنگ وەختە، شار خامۆشە، جێم کەرەوە
هەر هیچ نەبێ لەبەر سەری ئازیزانت

مەڵێ برۆ، لێم بەرەوە – جێم کەرەوە

*

تەماشاکە وا هەناسەم ئاو دامانی باڵای تۆیە
لێت ئاڵاوە
تەماشاکە هەر شیعر و من
لووتەلایی ئێوەی نازار بەڕووماندا هەڵکاڵاوە
هەر هیچ نەبێ لەبەر سەری ئازیزانت
درەنگ وەختە. جێم کەرەوە
ستەم دیدەی ڕێی عەشقی تۆم
وەڵامێکی نوێم بەرەوە – جێم کەرەوە

*

ئازیز تۆ دەنگ... هەزار سەلام
وەکوو حەلاج بەتەما بووم لە خەڵوەخانەی
ئازارما...
کە تۆ وەکوو حەق بێیتە لام
تۆ نەهاتی وا من هاتم
من گلەییم من شکاتم
ئەم بەردەرگەیە بەر نادەم
هەتا نەگەم بەئاواتم
درەنگ وەختە لەبەر سەری ئازیزانت
جێم کەرەوە... بیرم ناچێ
تۆ خۆت وتت ئەگەر هاتی
پێشکەشت بێ ڕیزە ماچێ!

***

تەنها شۆخ

١٩٨٩/٦/٢٠

تەنها شۆخێ دۆستی منە و بێ ئاگایە...
دەروونی من چۆن دەکوڵێ و چیشی تیایە؟!
وەکوو بۆنی گوڵی ئاڵ و شنەی شەماڵ
نامەی دڵم بەرەو لای ئەو ئەدات لە باڵ

من دەفتەری پیشانگەم و دانراوم
بۆ پێشوازی ئیمزایەکی ڕاخراوم
مەزرایەکم شەتڵی ئەوین دەکەم بەدار
دێوانەم و سۆزی خوایی دەدەم بەشار
بەهەوێنی ئەوینی ئەو، من مەییوم
هەر بۆ ئەوە نەخشی دەستی کەس نەدیوم
سۆز و نزام هەتا ئێستە بێ وەڵامە
بانگم کپە و عەلەیکیشم بێ سەلامە
ئەی هاوارە... ئەم عیشقەی من چەندێ پاکە
وەکوو عیشقە زگماکەکەی گەل و خاکە
ئەوا دەچین خۆم و بەستە و خەمەکانم
بۆ، لای وایە ئەم ڕێگەیە پێ نازانم؟!
وەکوو ڕشێنە –ئەی شنە– ئاوڕشێنی...
پرچت دەکەم بەڵکو لە خەو هەڵیسێنی
خۆ من ئەگەر هەزارساڵیش بێ تەمەنم
بەم عیشقەوە هەر ئەم نەیەی بۆ دەژەنم
تەمەن کورتە و مەرگیش داڵە لە سەرمانە
دەردی منیش وا دەردێکە بێ، دەرمانە
لە خەو هەڵسێ و مەیلی گۆشەی چاوی جوانی...
بەم نزایە کرایەوە و بۆمی ڕوانی
دەبمە دڵۆپێ ئاونگ و لەسەر لێوی
بەدی دەکەم باخ و بەرەی شەکرە سێوی
لە شەپۆلی قژی خاوا، نامەکانم
دەکەم بەشایەتی ڕەنگی زامەکانم

***

گۆرانیی چیا

١٩٨٩/٦/٢٣

هاتیت، بەڵام کاتێ کە من پەرێشانم
لەگەڵ دەردی عیشقی خۆما ئاوێزانم

ئەفرۆزانە و چاوی بەختم وا لە خەوا
خەو دەبینم، کەوتوومە سەر باڵی هەوا
بەخەو نەبێ بە باڵاتا چۆن سەرکەوم؟
کێ بەرکێیە بەرەو لای تۆ چۆن بەرکەوم؟
ڕێگە هەمووی کەند و کۆسپە خەم دەبارێ
کوا نمەیەک لێوی تەڕکا، لێو بەبارێ؟
کاتێک چیا پێدەشتی خۆی دەلاوێنێ
لە دوندەوە نەورۆزی بۆ دەبارێنێ
من پایزمە، بۆ سەر پەڵە چاوەڕوانم
با، دابکات بارانەکەت چیای جوانم
ئەگەر خۆشیی لە گۆناتا بۆم بخوێنێ
دەڵێم عاشق بەئازاری گوڵ دەسێنێ

***

تان و پۆ

١٩٨٩/٦/٢٧

کە تۆ هاتی شەفەق گوڵی لێ دەباری
گوڵەکانیش بوون بەدەفتەر
شیعری جوانیان تیا نووسرابوو
شیعرەکانیش هەریەکەیان ئاوازی خۆی لێدرابوو
ئاوازەکان، بەسەر لێوی شنەباوە، خۆرهەڵاتیان
خستە سەما.
خۆرهەڵاتیش بۆ خۆرنشین ماچێکی نارد،
خۆرنشینیش وا مەستێ بوو
بوو بەجێگەی خەون و تەما
ئەو ساتە من ماوەی نێوان خۆرنشین و خۆرهەڵات بووم
جەستەم هەمووی خودی تۆ بوو
بۆ چنینی بەهاری ئەم عیشقە جوانە
تۆ بووی بەتان، گیانم پۆ بوو
لەو دیو دنیای ئێمە شەوە...
شینی نەیار: باوکەڕۆ بوو

***

شیعرێکی سادە

١٩٨٩/٧/٧

من شیعرێکم بۆ نووسیویت
نە کاکەمەم بۆ خاتوو زین
نە فەرهادیش بۆ شیرین و
دەروێش وەلیش بۆ شەمی خۆی نەناردووە
حافظ، کەی تاڵیی وا خۆشی بەجامی خۆی سپاردووە؟!
خەییام گڕی وەها تەڕی لە ناخی خۆی بەرنەداوە
بەلقیس گوڵی وا حەو ڕەنگی لەبەر یەخە و سەر نەداوە
لەژێر کاچی شاخ و دوندی ئەم خاکەدا...
کانییەکی وەها ڕوون و وەها سازگار
قەت بۆ تریفەی مانگەشەو...
سەرپۆشی خۆی لانەداوە
چۆپی کێشی هیچ ئاهەنگێ
دەستەسڕی وەها چەرمووی بۆ یاری خۆی بانەداوە
شیعرەکەیشم زۆر سادەیە
پلووسکی سەر قەڵبەزانە و گەردنی شووشەی بادەیە
هەر تۆ جوانیت وەک ئازادی...
تۆ بەیانی ڕوو لە شاری
کە ئازادی بوو بەوەرزم، هەر تۆ گوڵی نەوبەهاری

***

لەسەر ڕەوتی سوارچاکانی شیعری کوردی

عاشق بەزام دەژی

١٩٨٩/٧/١٢

کە منت کرد بەنیشانە، ئاگات لێ بوو چۆنت پێکام
وەکوو مەلێکی باڵ شکاو ئازیزەکەم لە پۆل جێمام
لەسەر ڕێدا بووم بەقۆناغ بۆ تۆماری چیرۆکی خەم
دەستی خۆیان ڕاگرتبوو بۆ بەزەییت هیوا و هێمام

کاتێ عاشق بەزام بژی دەبێ نەریت هەروەها بێ
ئۆخەی یارم میهرەبانە، بۆیە تیری وەهای لێدام
کاروانی خەم ڕوو دەکاتە ناخی دڵ و جێ نەماوە
لە گشت جێگەی ئەم دونیادا بۆ نەگبەتی من بێ جێگام
دەستت خۆشبێ شۆخە کچی نیشان شکێن سەد ئافەرین
نێچیرت چەندە پێکابێ بەچاوی تۆ منیش وێڕام
ئێستە کەوانەت گرتووە، دەسرێژێ تر بەتیلەی چاو...(١)
بابێ، لەشم دابێژێ من نامەوێ لەشی بێ زام
بۆ قەتارەی سۆزی ئەوین هەمووی دەکەم بە هێلانە
داوای زێدەم نەکردووە، تیری یەکەم، قەولت پێدام
دە، بێرەوە بەسەریانا، ئەگەر زامی سارێژت دی
بیکولێنەوە، من بۆچیمە زامی بێ سۆز، زامی بێ تام؟!

***

بۆ دانای نەمر و مامۆستا... شێخ محەمەدی خاڵ

١٩٨٩/٧/٢٠

قوربانی ناوت، ناوت چ خۆشە
پەیامی بیرە و زادە لە کۆشە
من بۆ مەولەوی قافیەم شێوا
بۆ تۆی بەهرەوەر وا قورِم پێوا
کاتێ لەم ناوە خوڵخوڵەی ڕۆم بوو
من خوا خەم نەدا هەر خەمی تۆم بوو
تۆ دانای مەزن من بابی خەمان
یەکی خستووین ستەمی زەمان
خەمی من ئەمڕۆ خەمی سەر جەمە
سەرچاوەی وێڵی وەرای سەرچەمە
فرمێسک دەڕێژم قوربان لە پاتا
لەکاتی کات و ناکاتی و کاتا

(١) کەوانە: لای سەروو

کۆچی بەهرەوەر چون کارەساتە
تاریکستانی هات و نەهاتە
ئەم شێخە گەورەی من بۆی پەشێوم
هەمیشە ناوی وا لەسەر لێوم...
ڕابەری ڕێگەی خامە و خەیاڵە
بەچامە و هەڵبەست وەسفی مەحاڵە
لەم کوردە هەر کەس خامەی گرتە دەس
قەرزاری ئەوە و هەرهی ئەوە و بەس

قوربانی قەرزی دەست و خامەکەی
قوربانی دێڕ و پەڕە و نامەکەی
یاشێخ، مامۆستا، تۆ لە قورئانا
پشکت بۆ وشەی ئەم کوردە دانا
کێ لە ألحمد و لەو قولوەڵڵایە...
مەعنای وەردەگرت تۆ نەبوویتایە؟!
لە بیرمە ئەوسا هەر لە پەناوە
داوی تەنویریان بۆ تۆ دەناوە
گوایا تۆ دەستت داوە لە کەلام
-کەلامی خودا قەت نایێتە فام-!
دەیانوت تەواو، وا خوم شێواوە
مەعنای قورئانت بەکوردی داوە.

قوربانی تۆ بن هەزار لەوانە
چ لە دامێن و چ لە کەوانە
قامەتی بەرزت گەورە شارێ بوو
بۆن و بەرامەت نەوبەهارێ بوو
خامەت پەیامی بەهرە و هونەر بوو
خامەم لە ڕووتا دەستە و نەزەر بوو
هیمەتت پایەی شێخ و پیران بوو
مەجلیست یانەی ڕۆشنبیران بوو
ئەی ڕۆژی هەینی... کوا ئێوارانت

شێخم کۆچی کرد، کوێرە باوانت؟
ئەمەک لە حەوزی مزگەوتی خاڵ بێ
دەبێ لە دوای تۆ گۆمی بەتاڵ بێ
فەرهەنگی خاڵە دەریای بێ پەیە
شانازیی کوردە فەرهەنگی هەیە
بێ لۆمە خەڵکە من دەس وە ئەژنۆم
دەگاتە گەردوون گریانی ئەز، نۆم
گەر پیری پیران لەو مامە یارە
مەرگی تۆی دەدی و ئەم کۆچ و بارە
زاری شیرینی شۆری دەباران
کەیکەم ئێستەکەم بۆ گوند و شاران
تەپڵی سوارانی لە خاکی خەمدا
بەرەو لای خودا دەدا وەهەمدا

قوربانی یادت، یادت بێ خەوشە
ئارەقت گوڵاو بۆنت وەنەوشە
تروسکەی دیدەم بەو چاکە ماوە
کە زادی بیرم لەو چاکە ماوە
پرزە بڕاو نیم هی وا هیوامە
لە کۆڕی عیشقا جامە و پەیامە
ئەی وەجاخەکەی گەورە مەلامان
نوطقی مەنطقی خاوەن کەلامان
تۆ ئەم بەهارە لە زەردەپەڕا
کە تەمی مەینەت لە زەردەگەڕا
فەرموو بباریٚ بەم سەرخاکەدا
نووری نبووەت لەم جێ پاکەدا

قوربانی ڕێگە و سەفەری دوورت
قدوومی بەخێر قەدەمی نوورت
بەرەو شێخ عومەر، حاشیەی بێ ناز
بەرەو جێشانە بەرەو ڕێی هەوراز

بۆ لای مەولانا و شامی مەحشەری
بەرەو لای حاجی و خەون و سەفەری
بەرەو غەریبی نوقمی خاک و خۆڵ
بەرەو مەولەوی و سەر مەزاری چۆڵ
ها ئەشکی منیش وەک نمەی باران
ئاوڕشێنی کات سەوزەکەی یاران
وەختێ دەپرسن قوطبی وەتەدی،
کێ خەونی ئێمەی هێناوەتە دی؟
بڵێ: بفەرموون ئێوە و خاک و خۆڵ
بڵێ: بفەرموون ئەوەش بار و کۆڵ
مەولانا لە شام بوو بەخەبەرێ
(نالی)مان بوو بە نامەی سەفەرێ!

قوربانی خۆت و دەروێش و شەمت
قوربانی هەموو یارانی خەمت
ئەی محەمەدی أحمد بەهاوناو
دوانەی چەمکێ بوون وەکوو بەهاوناو
هەموو عومری خۆی سێبەری تۆ بوو
تۆ ڕابەر و ئەو ڕێبەری تۆ بوو
چەند موقەدەس بووی لای ئەو برایە
ئەگەر وەکوو مۆم بۆت هەڵکرایە...
هەر لە حوزوورتا لەناو بۆ خۆی دەسووتا
وەک عاشق لەناو بۆتەی لاهووتا
کە جامی مەرگت نا بەزارەوە،
خەتمی خاتیمەت نا بەشارەوە،
ئەویش دوا بەدوات بەو ئارامەوە
قومی خۆی هەڵدا هەر لەو جامەوە
ئەوە سۆزی من تینی گریانم
ئەوەش کەف و کوڵ دڵەی بریانم
لەگەڵ فرمێسکا دەبنە بەرامە
گوڵاو پرژێنی خاکت مەرامە

***

باوەشی شوان

١٩٨٩/٨/١٩

خۆ تۆ لە من هەڵکەنراوی
بۆیە ئەمێستاکە دوانین
دەخیلتان بم موتوربەم کەن بەو باڵاوە
ئەمە خوایە ببینەوە بەیەک کەس و
ئیتر نەبینەوە بەدوان
ئەو سەردەستێ نانی گەرم و
منیش باوەشی ڕەنجی شوان

***

نیۆنی پووز

١٩٨٩/٨/١٩

پێڵاوسڕ، نیم... کە پێت دەگەم
لە پێتەوە چاوم پیاتا هەڵدەگەڕێ
هێشتا وێنەی هەردوو پێتم لە نیگاری
ئەندێشەما وەکوو خۆی جوان نەکێشاوە
نیۆنی پووزی بێ گنت، لە شینایی سەرابێکا
نوقم دەبن
ئیتر منیش سوجدە دەبەم بۆ ڕازی جوانی و
چاوی ژن.

***

سەمماعە

١٩٨٩/٨/٢٠

سەمماعەت خستە سەر دڵم
وام دەزانی پۆلە کۆترێ هاتن لەوێ بای باڵ بدەن
کە پەنجەت خستە سەر نەبزم
وام دەزانی زەلیلم و ڕێگەی عیشقم نیشان دەدەی

لقەکانم هەمووی بکە بەهێلانە بۆ کۆترەکان
پەلکێشم کە بۆ کوێ دەڕۆی
ئەگەر لە خۆیشم بپرسی وا حەز دەکەم
هەردوو دەستت وەکوو دوو سوار
بەرەو تا سوقم تاو بدەی
پریشکی حەز هەموو گیانت شەلاڵ بکات
وەکوو بلێیی لە ئاو بدەی

***

ڕووبار

دوو ڕووباری شێت و وێتن مەمکەکانت
بەسینەتا وەکوو تاڤگە هاژەیان دێ
کە دەگەنە سەر نەرمایی پێستی سکت
دەبنە دڵۆپێ یاقووت و ڕادەوەستن
خۆشیان نایێ لە کرداری ڕێگەبەستن
وردە وردە وەکوو دەنووکی نێرەکەو
قوت دەبنەوە و قاسپە قاسپێ دەست پێ دەکەن
جام تێ دەکەن
بەناو چاوی بیماراندا دێن و دەچن و ڕێ دەکەن
داوای دەستی دڵدار دەکەن
داوای دەمی بەبەی جوان و نازار دەکەن
داوای تیشکی سوخمە دڕی ئەشعار دەکەن
بۆیە منیش لە سێبەرتا
کێشی هەموو شیعرەکانم دەبێ بکەم بەکەمەرتا

***

جوانووی چاو

١٩٨٩/٩/١

من دەزانم شۆڕەسواری خەونی چاو و خەونی دڵ و
ئارەزووت نیم،
من شاعیرم پەیڤ و دەنگم

بانگی بەیانیم و زەنگم
ڕێی مۆبەدی چاوەکانتم
بۆنی بەهەشتی باخەڵتم
مەولوودنامەی ڕۆژی جەژنی مەولوودی تۆم
بۆ دیبیاردەی کازیوەی تۆ. ئەنجام و هۆم
دڵی ماندووم چاوەڕوانی شنەیەکی چاوەکانتە
دڵی گۆشە داکوتراوم چاوەڕوانی پەنجەی نازە
خۆت دەزانیت ئەم جیهانە...
گوڵۆڵەیەکە و یەک ڕازە
گەوهەری تاکی ئەم نەزمە
تۆی ئافرەتی تۆی نازداری
لە بەختی باشی دەردەکەم تۆ نۆژداری
شەو ڕۆچووبوو
بەیان وەکوو خەندەی ساوا لە ئاسۆدا تریقاوە
لەسەر بەرماڵی دەردەکەم، بەرەو گۆیژە چووم بەچۆکا
پزیشکەکەم... نەخۆشێکی یاخیبوو نیم،
شاعیرێکم چاوەڕوانیت لە ناخەوە ڕای وەشانم
جوانووی چاوە شێتەکانت...
کەوتوونەتە ناو قەرسیلی بالاّ پیاوی، تازە ئاوەنیای ئیمانم.

***

ئاواتێک

١٩٨٩/١١/١٥

ئاواتە... ڕۆژێک هەموو دەروو دەشتی
نیشتمانت تەی کردایە. بەدوای مندا
هەتا بمکەی بەنیشانە و تیلەی چاوانتم تێگریت
لە من زیاتر کەسێکی کەت بەلایەقی ئەم وازییە
نەزانیایە
پەیکی ئەوین خەبەرێکی وەها گەرمی
لە ناوەختا بهێنایە:

– بەگەردنی چیای بەرزی سیپانەوە دارەبەنێک
لقێکی خۆی بۆ کردووە بەجۆلانە...
ئەو هەڵدێرا، چونکە ویستی دەستی بۆ خوای ئەوینی
خۆی بەرز کاتەوە
پاداشتی سۆزی عەشقی تۆی بداتەوە!–
وتیان... بۆچی تۆ دەتەوێت بڵندتر بی لە یاری خۆت؟!
وتیان... بۆچی تۆ دەتەوێت نامەی عیشقت،
بدرکێنی بەزاری خۆت؟!
وتیان بۆچی خەون و خەمت دەبڕیتەوە لە شاری خۆت؟!!

***

شەخس

پیرمەگروونی سەر سپیم
وا، باوەشم کردۆتەوە بۆ هەر جوانێ بێتە سەرم
نیازی دڵی خۆی باس بکا
داوای کلیلی نهێنیی ڕێگەی ئەوین و ڕاز بکا
* هۆ جوانەکان بێنە سەرم
بەسۆزی دڵ تینێ بدەن بەهەناوم
کڕیوەیە، تا، ئاوی ڕەش نەهاتووە
شەوقێ بۆ سەر دەم و چاوم
هۆ جوانەکان... گری گری چاوشارکێیە
دنیا ئەمڕۆ چاو شارکێیە... بمدۆزنەوە
تا، سەری شار هەڵتان دەگرم
من خۆزگەی خۆم خەملاندووە
ئێوەم گەیاندە سەری شار، ئەوسا دەمرم
* هۆ جوانەکان... (نۆما) زین کەن، بدەنە تاو
غار غارێنە
ئاسمان دەتۆیش سکناییەک
ئیتر شەختە مەبارێنە
با، هەموویان بێنە سەرم، سەرگرانم

نەکوو لە ناکاو ڕێگرێ
وەرزی شوومی ڕێ بڕانم
* پیرە مەگروونی سەر سپیم، شەخسی ئێوەم
هۆ جوانەکان بێنە سەرم
وا مەزانن من شارێکی بێ گوزەرم
کووچەکانم پڕکەنەوە... دەی هەرایە
خەیاڵێکی ئێجگار سەیرم لەسەرایە
خۆ من ڕووت نیم، تۆپێ کاڵای شیعر و بەستەم لەبەرایە
* هۆ جوانەکان بێنە سەرم
وەکوو کتێب مەتاڵام کەن...
توێشووی سەفەر بکەنەوە،
چاو دامەخەن شەرمی ناوێ
گۆشەی نەزەر بکەنەوە
بێنە سەرم، لەلام حەیفە هەتا ئەمڕۆش
دیلی کۆتی گریمانن
ئەگەر نەیێن، باوەڕ بکەن، پەشیمانم، پەشیمانن!

***

پایزی من

١٩٩٠/٢/٥

پایز، پایز... وەرزی خەزان
خەم هێنەری لە خەم نەزان
دەی بیهاوە شەستی پەڵەت
بەردەوام بێ ڕەوتی هەڵەت
پایز... پایز
پایز، پایز... ئەی هاوین کوژ
ئەی کۆچەڕێی دژوار و دژ
وا خەم ماڵی دڵ خۆش دەکا
لە زەردەپەڕ پڕ کۆش دەکا
زستانی پێ دەباتەسەر
لە خەڵوەدا نەیێتە دەر

پایز... پایز
پایز، پایز... ڕەنگ زەرد و ڕووت
ئێوارانی درەنگ و زووت
کەوتوونەتە باری کێشە
دڵم پڕ کەن لە ئەندێشە
لەگەڵ قەرسی سارد و سڕا
خای خەمی من هەر زوو دڕا
ئێستە کۆڵێت نییە و شارە
هەر پایزە و بێ بەهارە
پایز... پایز
پایز، پایز لافاوی خەم
پێچی ڕێگەی دەرد و ستەم
لە دەردی من کارت نییە
لاڵەپەتەی زارت نییە
ئەینا بۆ سوێی ئەم دڵەی من؟
بۆچی تینی ئەم کڵەی من؟
ئەدەیتە بەر سەرما و سۆڵە؟
وا دەزانیت شارم چۆڵە؟!
پایز... پایز
پایز، پایز... وەرزی هەتیو
وڵیای ناوەختی خێر نەدیو
بۆ هاتیەوە ئەی ڕێگە شووم؟
قەلاچۆکەی گشت ئارەزووم؟
بە با و باران سەرکوتم کەی؟
بە،کاهینی بێ بتم کەی؟
بمخنکێنی لەم چامەدا؟
ببمە سەهۆڵ لەم جامەدا؟
کەس نەیبیستێت سۆزی ناڵەم؟
نەزانن من ئەم بێ حاڵەم؟
ترسم وا لە ڕچینی خەم
کوشندەیە و دەگاتە چەم

پایز...پایز
پایز، پایز... وەرزی ڕچین
لە داخی تۆش دەبێ بژین
ژیان کۆڵە و هەواری هەس
مەرگیش باکی نییە لە کەس
دەژین، دەمرین... ئەمە ڕێیە
ئاوی حەیات کوا لە کوێیە؟
من پەیڤێکم با لە دڵێ
فرمێسکێکم با لە گوڵێ
وەکوو جاویدان نامرم
توانام هەیە تۆش ڕاگرم
پایز... پایز
پایز، پایز... ئەی درژومۆن
خێوی ناوەخت ئەی ڕقی کۆن
بەستەی خەمم کەوتە سەر زار
لە ئێستەوە پلار پلار
دێتە وێزەت بەتین و تاو
دڕنت پێ دەدەن ناو بەناو
چونکە خەمیش خۆری دەوێ
هاودەم و هاو جۆری دەوێ
درەختی خەم دارەوەنە
هێشووی شیعری پێوەبەنە
پایز... پایز
پایز، یاری ئەم تەمەنەم
ئەی سەرباری ئەم پێچە نەم
کە زیندانم بێ دەرگەبێ
دەروونیشم چەمەرگەبێ
مەکەن دڵم لە گۆ مەخەن
بۆ مارەیی خەجی دەبەن
پایز... پایز

***

١٩٩٠/٢/١٩

کورتە شیعرەکان

١- کولوە بەفر:

کولوە بەفرێ...
وەکوو پەپوولەی باڵ شکاو هاتەخوارێ
وتم خوایە با قورس نەبێ...
کولووی تری لێ نەبارێ
خێرا دەستم بۆ گرتەوە... حەیفە بگاتە سەر عەردی
ئەی عەردەکە، توێژاڵێکت خۆڵ و قوڕە،
لە دوای ئەوە تاشە بەردی!.

٢- کۆتەرە:

ڕووبارێکی توندوتیژی سەر بەرەوخوار
لرفەی دەهات
کۆتەرەیەک بەسەریەوە...
نەیدەزانی بۆ کوێی دەبات!
گێژاوێ ویستی لوولی دات، هاواری کرد
بۆ دارستانی بەرنەوە، هەر دارێ مرد.

٣- نۆبەرە:

درەختێکی تازە بەرم کەوتە بەرچاو
لەخۆم پرسی، دەشێ دەستێکی بۆ بەرم
بۆ نۆبەرە دەنکێکی لێ بکەمەوە؟!
هەموو ڕۆژێ لە باخەڵما بۆنی بکەم بەخەمەوە؟
- ئەگەر ناخت هاتە کوڵ و وتی ئادەی حەلاڵت بێ؟-
حەزە پرسیاری دەروونە،
چۆن وەڵامی نەدەمەوە؟!

٤- قەڵەمی شەل:

هەرچەند ئەندێشەم سەردەکا...
قەڵەم دەگرم بەدەستەوە

هەرچی پەیڤی ڕێک و پێکە دەیانهێنم
تا بیان کەم بەداوی کرژی هەستەوە
ترسێ دەروونم تەی دەکا، هۆشم دەخاتە پێ مەلە
وەختێ بەخۆما دێمەوە...
خەیاڵ خاوە و قەڵەم شەلە.

٥- چاوی شار

باران، باران، بۆ دەبارێ؟
بۆ خۆش ناکا، دێتە خوارێ؟!
مزمەعیل بێ چاوی شارێ،
نەبارانی پەڵە و چلە و نەبای بەهێزی داراوس
دەیبەهژێنێ
کەچی گڤەی ڕەشەبایەک، تۆزێ چەوریی بەسەراکا
خامۆش دەبێ و دەیخەوێنێ!

٦- نەریت

نەریت وایە، تۆ -ڕۆڵە- بی و منیش -مامە-
لەگەڵ هەموو -مامە- یەکتا...
نەوسم لە نوێ دەکولێتەوە
کۆنەزامە!
چی ڕوودەدا، ئەگەر نەریت لەژێر پێما
دابێنم و بەرز بمەوە؟
دەمم بگاتە خالاَنت
دەستم بگاتە باخەکەی ژێر بالاَنت
لە بالاَتا خۆم نوقوم کەم، بچمە ناو ڕۆژ و سالاَنت!؟

٧- یاغنیش

بەشەوم وت: چاو لێک مەنێ
ئەمشەو دەڵێن شەوی قەدرە
ئەستێرەی لەیل و مەجنوونیش دەگەن بەیەک
پۆل پۆل فریشتەی باڵ چەرموو دەنیشنەوە
لەگوێ ڕووبار و سەرچاوە،

ئاسمان گەرای ڕاموسانی لەسەر لێوی عەردی دەنێ
وتی: من هەر بەخەبەرم، جێ ژوانی دڵدارانم
وتم: کەواتە یاغنیشم، بێ خەبەرم، هیچ نازانم

٨- هەتوان

بەیانی دا، هەڵسام لە خەو
دەرگام داخست لە قەپی شەو
بەکارواندا بەرەو ئاسۆ هەڵزنام و
شیعرێ بەری ئەم ژانە بوو
دەستم شکێ نە لە ئامێزی خۆم گرت و
نە، نامم نا!
نە، وەک، هەتوانی مێو و ڕۆن لە زامم نا!
نە، وەک، چێژێ لەبەرکوڵێ، لە زارم نا

***

پشکۆ

١٩٩٠/٢/٢٢

لە شوێن خەرمانی ئاگرما...
پشکۆیەکی خۆڵ لێ نیشتوو، تومەز ماوە!
-چۆن وا دەڵێم، ئای کە خەیاڵی من خاوە؟!-
دوێنێ کە باسی ڕۆژانی ئەوینی من کەوتە سەر زار،
پشکۆی ئارام گەشایەوە
سەری کوانووی ژیلەی عیشقی جارێکی کە هەڵدایەوە!
سوێندم بەگیانی عاشقان...
زارم بوو بەزامی -وەلی-
زامم بوو بەزامی -عەلی-
داوام بوو بەداوای -مەنسوور-
سۆزم بوو بەسۆزی گەرمی -مەلا خدر-
لە شامەوە بۆ شارەزوور
گەلی برا... ئەمە عیشقە
کوانووی عیشقیش هەر ڕۆ دەچێ،

ئەم زامە نابرژێتەوە.
ئەسپی سەرکەشی داستانێ،
کتێبێ نایبەستێتەوە!

***

خۆم و سکاڵام

تەماشای ڕووم بکەن دیارە کە جێ کوانووی خەم و دەردە
دەڵێم بەستەیەک بچڕم هەمووی هەر داد و گریان بێ
درنج ڕێگەی مەلی شیعرم، نەوای سۆزم بدە و بەردە
چلۆن نابم بەسەرمۆرێ کە ناخم گێژی زریان بێ؟

*

ئەگەر بەهرەم بەسەربەستیی نەیاران، باخی لێ گوم بێ،
دەبێ کێ بەزمی ئازارم لەبەربێژێ لەتەک مندا؟
لەناو خەڵکێکی بێ چاودا، غەریبم من تەمای چم بێ،
لە من چۆن تێدەگەن کاسن، لە شیعری بێ سەروبندا؟

*

بەیان هەڵکەم بەئاسمانا و زەوی دەسباتە گرکانێ
سەدام وەک سۆزی -ئەزغەز- بێ، ڕەفیقان بانگ بکەم -طاهر-
هەوام هەوڵێکی بێ سوودە، وەکوو چووبێتمە زرکانێ
لە دەورم نائومێدیمە سکاڵای خۆم دەکەم ئاخیر

*

دەبێ چ بکەم لە ڕۆژگارێ منی پێچایە ئەم توونە
نەشەو جەستەم دەسوکنێنێ، نە ڕۆژم سایەقە و خۆرە
حەبیبەم خەونی گیراوە و مەلای ئاوارە بێ نوونە
کە شیعرێکیش لە ناخ بگرم، سبەی بارێکی ناجۆرە

*

گڵم، بۆ تۆ و دەشێم، لێکین... لەسەر تاتێکە ڕێژراوم
لەبەر لوورەی دەمی با، دام، ڕەهێڵەم لێ دەبارێنێ
دەپرسم بۆ؟... دەڵێن گوایا لە زاریانا نەکێشراوم!
گەلێ، گەل بێ، هومای عیزەت لە شاعیر بۆ دەتارێنێ

*

ئەوەندەم خەم لە کۆڵ ناوە، خەمان بێ کۆڵ و بێ لانەن
بەکێ من خۆم بناسێنم لە کوێ ڕێ دەربکەم چاکە؟
هەموو ڕێکان بەرەو هەڵدێر دەچن، ئەو ڕۆکەبێ -بانەن-
لە خۆم ئای و لە خۆم لێ لێ، لە شیعر و خەم حەسیب ڕاکە

*

مەڵێن دووریت، بڵێم چی من بەجێگەم ئاشنا نابم
سەلیقەی من دەشێ بخزێ، کە ڕەنجم بێ بەرامبەر بێ.
پەتایە ئەم هەموو لەرزە، بەنووشتەی کێ دەبێ چابم؟
خودا بۆچی لە ئاقارما هەموو دەردێ سەرانسەر بێ؟!

*

ئەوەندەش ئاسنی ساردم کوتا دەستم شل و خاوە
دەترسم بێ هیوایی وەک شەپۆلی شووم لە زاخم نێ
هەموو ڕێ ڕێی خەم و داخە سپاردی بەم دەم و چاوە
دەکێ -گۆران-ە من -ئەولا-م، شەلاڵی خۆی لە باخم نێ.

***

عیشق و باوەڕ

نەوازش کەی، لێم بپرسیت...
هەرچیم لە دەروون گرتووە، دەی درکێنم
کە ناخیشم گڕی تێچوو...
بەئاگری ماچی لێوت من تینوێتی خۆم دەشکێنم
تۆ خۆت بت و بتخانەمی
تۆ خۆت مەی و مەیخانەمی
تۆ خۆت تاقانە و نۆسکەی ئەم پێچەن و ئەم ژانەمی
ئەگەر دنیام لێ هەڵبسێ،
تەشەر بارانی سەرم کەن...
ئازیزەکەم بلاوابێ...
خۆ، تۆ شەئنی ئەم شانەمی
کفرانی عیشق کەی ڕەوایە؟
وا تۆ چرای پرشنگداری ئەم پەیام و ئیمانەمی

له جیهانی عیشق و خەما بەزۆر بمکەن بەلانەواز
کەس ناتوانێ ئەو باوەڕەم لێ بسێنێ...
کە تۆ، هەر تۆ، هێلانەمی

***

نان و ماست

١٩٩٠/٥/١٩

لــووتــەلایــی لــە تــۆ نــایــەت
من نیــــشــــانەم بەشــــانتـــەوە
شکســــتـــــەی تازە جـــوبرانە
دڵـم، بـۆچی شـکـانـتـــــــەوە
لـەگـــــیــــــانمدا توایتـــــەوە
وەکــــوو شــــەراب و ئاوی ڕوون
مـن لـە تـۆدا بـەدی دەکـــــــەم
مــــــەعنـای ژیان بـوون و نەبـوون
تـۆ لەگـــــیــــــانی مـن باریـوی
وەکــــوو ئاونگ لەســــەر گــولێ
بۆیـە هەرچی جـــــوانیی هەیە
لـەدڵـمـــــەوە هەڵـدەقــــولێ
تـۆ ئەو مـــەیەی مـــوغی مـــوغـــان
نەزری گـــیـــانی منی کـــردووی
تـۆ ئەو نان و مــاســـتـــەی شـوانە
بۆ خـواوەندی عـیشـقی بردووی[1]
مــــاچێکی ئەو لێـــــوە ئاڵـەت
مــــافی خـــۆمـــــە، بڵـێ: هانێ
کێ مــــەی لە من حـــەرام دەکـــا
دەپـێـم بـڵــێ، کـێ دەتـوانـێ؟!

(١) تێبینی: نان و ماست چیرۆکە هۆنراوەیەکە لە دێر زەمانەوە بۆ دەرسی منالآن دانرابوو، باس باسی شوانێکی سادە و هەژارە بەسادەیی عـاشـقی خـوا دەبێ، بڕیار دەدا زیافـەتێ بۆ خـوا بکات، نـان و مـاسـتـێـک لەسـەر کانییـەک دادەنێ بۆ خـوا، دەڵێن خەوی لێ دەکەوێ لەخەویا خوا دێتە لایی و زیافـەتەکـەی قبـوولٚ دەکـا کە وەختی بەخەبەر دێ دەبینێ نان و ماستەکە خوراوە.

هـانـێ دڵـم، هـانـێ گـــــــــوڵـم
هانێ بەســـتـــە و ها گـــۆرانیم
کـــێـــشی ڕەزمی لەنجـــەولارت
کــــەس نەیزانی هـەر من زانـیم

***

بۆ ئەکتەری جوان تریفەخان

١٩٩٠/٥/٢٣

وتیان... مانگە و تریفەی دێ، لەسەر شارە
وتم، نەخێر... وەرزی نوێیە، نۆ بەهارە
ئەی ئەکتەری بەهرەمەندی دنیای هونەر
فەرموو ئەوە ناخی منە، شەقامە ڕێگە إعجابە
نەوازشکە بێرە گوزەر، خەمت لابە
ئێمەی خەڵکی شانۆی دڵم، بۆ پێشوازیت ڕاوەستاوین
لە جیاتی چاوێ هەریەکەو بۆگرتنی وێنەی جوانت
هەزار چاوین
تریفەت بێ لەناو شەوی ئەندێشەما
خەم و پەژارە ڕامالە
چاوەکانت هەڵڕفێنە بەرەو چاوم
بەچاوی تۆ هەتا ئێستەش هەر لانکەیەکی نەشکاوم
لەژێر باڵی پێڵووەکانما دەتکەمە خەو
شەو دەدەمە دەستی ڕۆژ و
ڕۆژیش دەدەمە دەمی شەو
گوڵی هەموو شیعرەکانم دەدەم لە بالآ و پەرچەمت
دەیکەم بەبەستەی شادمانی
دەنک دەنک نوقڵی دەمت.
تۆ تریفەی شارەکەمی بەهرەوەری
تۆ مەپرسە جێگەت کوێیە... تاجی سەری

***

بۆ چریکە و سۆز و پەیام و پەیمان خان

١٩٩٠/٧/٣

پەیمان... ئەی تۆ سۆزی شەماڵ،
ناڵەی نەی و سروەی بەیان،
جریوەی مەل،
چپەی گەردوون قاقای مناڵ،
خوڕەی کانی و لایە لایە و قەتار نەبووی؟
ئەی تۆ کسپەی ناخی گەرم و سوێ نشینی
هەژار نەبووی؟
لە ئینجانەی دڵی مندا، ئەی تۆ خوشکی نیگار نەبووی؟
ئەی تۆ پەڵەی پایزانی بەستە و سۆز و ئەشعار نەبووی؟
ئەی توخوا تۆ پەیامبەری کزەی جەرگی بیمار نەبووی؟
ئەی کە ئاگر بەرەو ڕووی تۆ هەڵی کوتا
دەروونی گەل هەڵقرچێنێ لەناو زاما
بۆ خوا نەیوت... ئاگرە سوورە...
(کونی برداً و سلاما)؟
خوا نەخواستە، ئەگەر دەنگی پڕ لە سۆزی جامی مەنگی
تۆ نەمایە
دەبوو هەموو شاعیرەکان، دەبوو هەموو عاشقەکان
سەریان لە قوڕ بگرتایە.
چەپکە گوڵی باخی هونەر!
دەبا ڕێکەوت خەجاڵەت بێ و نەفرەت بکەین لە ڕووی قەدەر
دەبێ بووکی هەموو سۆز و ئاوازەکان
لە ئاهەنگی ساڵانەیدا بتدا لەسەر
چاوەڕێتم ئەی فریشتە... وەکوو نەوا، وەکوو پەیام
چرای دڵم هەڵکەیتەوە
شیعرم ئێستە دیوانەیە
بەڵکو دڵی بدەیتەوە
ئەو دایکە بیت تۆ سبەینێ -ئەحە- و -ئەزغەر- بخەیتەوە(١)

***

(١) ئەحە- ئەحەی ناسر. ئەزغەر- سید علی أصغری کوردستانی.

کاسە و قەدەح ١٩٩٠/٧/٣

وتیان: یاشێخ ویسکی دەکاتە کاسەوە
کاجیرەیان هەڵئاوسا بوو...
هێندە پێچران بەم باسەوە!
وتم: یاران، من بەشیری بزنە کۆڵێ گۆش کراوم
بۆ دەرمانی هەوەڵ گلی چاوەکانم
شیری مەڕیان کردە چاوم
هەر ئەو ڕۆژەی من لەمەمک بڕامەوە
لە سێبەری داربەڕوودا نان و دۆم خوارد
کاسە و کەوچک دەفرمان بوون
بەڕێزینە ئێوە وتتان دۆترش مەخۆ
کاسە لادە و قەدەح بێنە،
ویسکی بنێ بەسەرەوە
ئەو گرێیەی زۆر کوێرەیە، بەئاسانی بیکەرەوە
کوا قەدەحتان، کوانێ ویسکی
گرێ کوێرە کەڵەکە بوون
کاسەلێسی هەندەرانن، تیکەی قەپی تەڵەکە بوون
بەڕێزینە، هێندەتان وت: فڕی، فڕی
خێر نەبینن وەکوو نان و دۆی ئێمەتان وەها بڕی!

***

دایە دایە

١٩٩٠/٨/٧

١- دایە، دایە... بۆ من مەگری
ئەگەر ڕۆژێ لە چیاوە،
چنگێ خۆڵیان بۆ هێنایت و
زانیت خوێنی حەمەی خۆتی پیاڕژاوە.
٢- دایە، دایە... ئەگەر ڕۆژێک هۆش و گۆشت
لە چیا بوو؟

بۆ من مەگری، چەخماخەیەک هەوری بڕی و
تاوە بارانێک دایکرد و، بۆنی گیانی منی تیابوو
٣- دایە، دایە، ئەگەر ڕۆژێک ڕووبارێک هات
لە چیاوە
بۆ من مەگری، سەری منی لەسەرا بوو
خوێنی منی لەبەرا بوو
٤- دایە دایە ئەگەر ڕۆژێ لە چیاوە
هاوسەنگەرێ پێ دزکێی کرد بۆ خوارەوە
بۆ تۆ دەگریم، بتدا بەدەم نەیارەوە.

***

لە ١٩٩٠/٦/٢٨دا شێخ جمالی ئامۆزام بەنەخۆشییەکی کوشندە (شێرپەنجەی خوێن) لە خەستەخانەی *(مدینة الطب) لە بەغدا بۆ دوایین جار چاوی لێک ناو* ئەم شیوەنەش لە ناخمدا گڕی سەند...

١٩٩٠/٧/٢٧

کێ بینیویە خەرمانی گوڵ زەرد هەڵگەڕێ و
هێشتا پایز بەری دوور بێ؟!
کێ بینیویە چامەی غوربەت بنووسرێت و
قەڵەم ڕەوی بەبەیش هێشتا شارەزوور بێ؟
کێ بینیویە ڕێبواری وەک کاکە جەمال
کۆڵ دابنێ و هێشتا هەنگاو لە گوڕابێ؟
کێ بینیویە درەختی وا شۆخ و بەهێز،
داهێژانی لە پڕابێ؟
مردن بارێکی گرانە و هەڵگرتنی ئاسان نییە
بەڵێ مەسیح خاچی خۆی نا بەشانەوە
بەڵام گیانی دا بەخووا
کاکە مەمیش مردن ڕۆحی هەڵدەمژی و
عیشقێ لەجێپیدا ڕووا
شێخ جەمالیش نۆ مانگ لەگەڵ مەرگی خۆیدا
دەستەویەخە ڕاوەستا بوو
گیانی نەدا بەدەستەوە، هەتا خوێنی لە دەستا بوو!
هۆ ئامۆزا... کاکی عەبدول، شەوم شینە ڕۆژم خەمە
گریان ئەمڕۆ داد نابەخشێ

وام دەزانی بەزەلزەلەی قیامەتیش لە دوای کەژاڵ
خۆڕاگرتن لە ناخمدا بۆی نالەخشێ
وا مردنی ناوەختی تۆ وەک ئاو ماڵک ڕادەماڵێ
لەم کەنارە بۆ ئەو کەنار
دەمخاتەوە ناو گێژاوی ئەشک و خەمی کەژە و بەهار
کەشتیم دەمەونخوون دەبێ
دەریام گەردەلوول و شێتە
خۆزگەی منیش لەم تۆفەدا وەکوو -ژینا-
هەموو چاشتێ چاوەڕێتە
هەموو ساتێ چاوەڕێتە.

***

گوڵە سوورە

١٩٩٠/٨/٧

گوڵێکی سووری ئەم کوردستانە
کە لەسەر گڵکۆی شاعیر ڕووابێ
بەپەیڤی کوردی، وەکوو مەولەوی
لەگەڵ جوانیدا بەدڵ دووابێ،
ئەیدەم لە پرچی یارە جوانەکەم
وەکوو کازیوە دەم بکاتەوە
ئەوسا دەبینن ئەم دڵە شێتەم
سڵاوی یاران چۆن دەداتەوە؟!
ئەگەر پەیامی لێوی یاری خۆم
وەکوو پەپوولە با لە شەقەی باڵ
بنیشێتەوە بەسەر لێومەوە
دەبم بەساوا و دێمە گڕ و گاڵ
وەکوو گۆی مەمان دەیگرم بەدەم
دەبا بەشی وا زۆر و سادەبێ
دەبمە دەروێشی پیری موغانیش
زاری شەکر بار جام و بادەبێ

پایزی عومریش ڕێم لێ ناگرێ
هەمیشە وەرزی تازە بەهارم
بەستەم بەرامەی نێرگزە جاڕە
ڕشێنەی دەدات لە زوڵفی یارم
خاڵ و ڕوو لە تۆ، تاسووقیش لە من
با ، یادی جاران بەسەرکەینەوە
بەتینی عەشق و سۆزی دەروونمان
هەزار مەم و زین خەبەر کەینەوە

***

لەسەر ڕەوتی سوارچاکانی شیعری کوردی

بەهای شیعر

١٩٩٠/٩/١٥

کە من شیعرێکم بۆ وتی وا نەزانیت کەم بەهایە
تۆ خۆت قورسی و گران بەها هەزار شیعرت پێ ڕەوایە
بۆیە وەکوو وێنەگرێ گرتوومیەتە بازنەی چاوم
چونکە سەرچاوەی پەیامم لەتۆوە دێ و لەتۆ دایە
لە دڵمەوە هەڵدەقوڵێ وەسفی نیگای دوورهاوێژت
بێ مننەتە هەر عاشقێ، قەرزی یاری خۆی لەلایە
نمەی بارانی نازی تۆ ئاوڕشێنی هەستم بکا
گەنمە بەهارەی هیوای من قەف و گوڵە و لەسەرایە
تەنها خەندەی لێوەکانت کەرویشکەی ئەو بەهارەیە
دڵۆپێکی بەرم کەوێ ئیتر سەرم بێ سەوایە
بەلاگەردانی سەرت بێ هەزار شیعری بالانەمام
دەروێشێکی کەمەن کێشم، لێرە و لەوێ و لە هەر لایە
کە ئەندێشەم شەیدا دەبێ، ڕوو لە ئاستانەی تۆ دەکات
ڕوونە لەلام نەخشی دەستم پەتک نییە و لە هەودایە
با ، ئایەتی کۆڵمەکانت بەسەر باڵی فریشتەوە
بنیشنەوە لەسەر لێوم. ئاینی وا لە دڵمایە
بۆ ماچێکت هەزار نوێژم بەدەست نوێژێ بۆ نەکردی...

کوشتنی من چی پێ دەچێ؟، بێ یەک و دوو کەچ نیگایە
دەبا ژیان نوێنێک بێ و هەردووکمانی لە توێدابین
وەکوو من و تۆ هیچ کەسێ وا هاوسەرینیی لێ نایە!
هۆ ئەم دنیا بەشایەت بن کە دوو دڵدار لە نوێنێکا
شەو بدەنە دەمەو بەیان، دەبوو مردن هەر نەمایە
وەرە دەستت لەگەردن کەم، دەڵێن دنیا پێنج و دووە
نوقمی شەلاڵی حەز ببین، عەشق بەهرە و بەشی خوایە
من بەشەرابی تۆ مەستم، شەرابی من بخۆرەوە
کڵی دەروون هێدی دەکات، بەزم و ڕەزمی ئەم هەوایە
وار و یاری خۆم خۆش دەوێ، یەکەی بوونمان حەللاجییە
کوردە عاشق شایانیەتی، گەوهەری وا هەر لەوایە
ئەفراندنێ لە عەشقم دا وەکوو ئاسۆ دەکرێتەوە
شیعرم زاوای پەردەی سوورە، بووکێ چاوی لەخەوایە.

***

بەهرەی خوایی

١٩٩٠/١١/٩

کوڕ- بەهرەی خوایی ئەی کیژۆڵە
لەسەر پەنجەم بنیشەوە
لە هۆشمدا ئۆقرە بگرە
لە ناخمدا هێلانەیەک بۆ خۆت خۆشکە
بەسەرمەوە وەکوو بازی بەخت و نگین ببیت بەتاج
ئاواز دەدەم بەدەنگەکان
باوەڕەکان بتەو دەکەم
شیعری هەموو شاعیرەکان دەبن بەخاوەنی ڕەواج
من شاعیری گڵکۆی تازەم...
بەهرەی خوایی! ئەی کیژۆڵە گوێ ڕاگرە بۆ ئەم ڕازەم
هۆ جوان، هۆ جوان، گیانی ڕەوان
کچ- هۆ سوار، هۆ سوار، هۆ بەهرەدار
گەر مەجنونی منیش لەیلم

گەر فەرهادی من شیرینی دەروون کەیلم
کاکە مەمیت خاتو زینم
ئەگەر وەلیت من شەمەکەی بێ نگینم
هۆ سوار، هۆ سوار
لەسەر پشتی ئەسپی قابیل وەرە خوارێ
وا سەرەتای وەرزی عەشقە،
سەرپەڵەیە گوڵ دەبارێ
با لێمان دات ئەم بارانە
چاری دەردی هەزارانە
هۆ سوار، هۆ سوار
هۆ بەهرەدار
کوڕ وکچ- ئێمە لەیەک گەیشتووین
ئەی بۆ وا دوور ڕۆیشتووین؟!
ئێمە وەکوو مەی و ئاوین
ئێمە وەکوو نیگاو چاوین
ئێمە وەکوو کەس و ناوین
ئێمە وەکوو ئاسۆ و خۆرین
ئێمە دوانێکی یەک جۆرین
ئێمە کورد و کوردستانین
وەک ئازادی و سەربەستانین
وەکوو جام و سەرمەستانین
کوڕ- هۆ جوان، هۆ جوان... بەهرەی خوایی
کچ- هۆ سوار، هۆ سوار، کوا یەک لایی؟
کوڕ- هۆ کیژۆڵە بەهرەی خوایی
بێنە دەستت هانێ دەستم
وا نەزانیت من بێ هەستم!
من درەختم، گەڵا و گوڵێت
من دەروونم، کەف و کوڵێت
دەتناسم و من دەناسیت
بۆ وەک چیا، چیایەکی ئێجگار عاسیت؟

کچ- تۆ خۆت ڕێگەی باخ و بەرەی...
ئەم ئاینەت ڕواندووە
تۆ خۆت خارت لەم ڕێگەدا وەها بەزۆری چاندووە
ئەوە دەستم ڕێ خۆش بکەین
ئەوە لێوم، باشەرابی چپە ماچی یەک نۆش بکەین
بۆ چنینی گوڵە زەردی ئەم باخەمان
بەرکۆش بکەین، پڕ کۆش بکەین
هەموو جوانێ بەئایەتی ئەم پەیامە
با، لە نوێوە وا گۆش بکەین
هۆ سوار، هۆ سوار
کوڕ- هۆ جوان، هۆ جوانی بەهرەدار
کوڕ و کچ- بێرە دڵم، دێمە دڵت
ببە بەدار، دەبمە چڵت
ببە بەنوێن، من ئارامم
ببە بەمەی، منیش جامم
تۆ هەتوانی و منیش زامم
هەر هەردووکمان ڕازی بوونین،
نازت کوانێ!
نێچیر عەشقە باز هەڵبدە،
بازت کوانێ!؟
هۆ سوار، هۆ سوار!
هۆ جوان، هۆ جوان!

***

دوو کۆچ و دوو کۆچیاری مەزن

کۆچ هەر کۆچە؟!
کۆچێک تەنها هەر هاتنە و ڕۆیشتنە
کۆچێک هیچ جێ نەهێشتنە
کۆچێک دەردە،
کۆچێک بەردە

کۆچێک تەنها هەر شوێن دەستی ڕێکەوتێکە
کوتوپڕە جگەر بڕە لە تیر دەچێ
کە کۆچ، کۆچی أبو علی و کاکە، مان بێ(١)
لەناو کۆچاندا ڕەشپۆشە
گڕکانێکە کەس وا نەزانێ خامۆشە!
قەڵەم وا تاسەی تاساوی لە دەمایە
شیعر سەری لە قوڕایە
ئەفراندنیش بۆ کۆچی وا سەد پێوەندی لە گوڕایە
بۆ کێ بگریم؟... رشدی عامل، کاکەی فەلاح
ئاگر لە کوێوە هەڵبکەم؟
ئاگر لەکوێی خۆم بەربدەم؟
قوڕی دامێنی کام سەوزە، لەجیاتی گوڵ لەسەر بدەم؟
ئەویان دۆستێ، ئەم برایە
هەرچەند دەکەم، چاوی هەنسکم هەڵنایە
شیعری فرمێسک، بۆ ئەم کۆچانە تویێشووە
کۆچی وەها هەتا فرمێسک لە چاوابێ، بیرنەچووە
ئەو عەرەب و ئەمیان کورد بوو
قەڵەمیان پاک بیریان ورد بوو
لە منداڵدانی ژیاندا، دوانەیەک بوون
لەناو سیفری تێکۆشاندا وانەیەک بوون
مردن حەقیقیەت
حەقیقێکی زۆر ئێسک گران
تۆ ئەو ڕەوای لەتەک توخمی ناڕەوادا وەکوو بران
ئەوەی سەبووریم پێ دەدا لەم ساتەدا
نەوایەکە ئێجگار خۆشە
دەگاتە ناخ
لە ناخمدا دەبێ بەباخ
هەزار قاروونی نەوتین و کولاە لەسەر
دەژین نیشانەی لەعنەتن،
دەڕۆن وەک چشی ڕاگوزەر

(١) أبو علي: رشدي العامل، کاکە، کاکەی فەلاحی شاعیر

بەڵام شیعرێک دەبێ بەگیانی شاعیر و هەر بەنازە
هەر چامەیەک بۆ خۆی گەنجینەی سەد ڕازە
نەمر رشدی، نەمر کاکە
بۆ سەرباری ئەم کۆچەیان، لەمنەوە فرمێسک چاکە

***

بۆ نیشتمان

لەو ڕوومەتە خرپنانەت سوکە گازێکم دەست کەوێ
نەفسم وەکوو مەستی بادە، شەو و ڕۆژێک لێی دەخەوێ
هۆ نیشتمانی هەڵکەوتوو، هۆ (کاوڕە) مێی پێدەشت و شاخ
بۆ هەڵبڕینی دروشمت، خۆم دەبمە داری بەیاخ
مژێک لەو لێوە پڕەی تۆ، نەشئەیێکی وام دەداتێ
تامی بەهەشت، حۆری و غلیمان، هیچ کام لەمانەی نەگاتێ

***

مانگە شەوی باڵا

١٩٩٠/٢/٢٢

لە مانگە شەوی باڵاتا، تاڤگەی تریفەی پەخشانت، بەسەر لەشما بێتە خوارێ
لەمنەوە شیعر و هۆرە، بەسەر مەزاری عاشقاندا، وەک ڕەهێڵە دادەبارێ
دەشبم بەسەرچاوەی پەیام، بۆ هەزاران مەم و وەلی
دەبم بەهەتوانی فێنک، بۆ زامی وەک زامی عەلی
هۆ وەلییەکان، هۆ مەمەکان هۆ ئەندێشەی ناو خەمەکان
دەزانن ئاو چەند شەیدا بوو بگاتە سەر لێوی حسێن؟
شمشێرێکی ژەنگاوی بوو ڕێگەی لێ گرت
لە کەربەلای خەم و خوێنا، جەللادێک هات بێ بیسمیللا دەمی تێ خست
دەردی ڕەشپۆشیی خستەوە
بنەوانەی ئەشکی سووری لە مێژوودا هەڵبەستەوە
منیش ئەوینم زامدار و لێو بەبارە،
کێیەو بۆچی ڕێگە نادات لێوێ تەڕکەم؟
تەپڵی ئاپۆرای لەشکرم، بگاتە گوێی ئاسمانەکان

بۆنی نزای چاوەڕوانم بەباڵی خۆی
بگاتە سەر لێوی گڕی هەموو زامە پیزانەکان
هەلالەی نوێی ئەم بەهاری ژان و شیعرەم، بێ خەم بگاتە شانەکان!
بەختی منە. لەناو شیعرا جەللاد هەیە
لە چیرۆکا جاسوس هەیە لە پەخشاندا سەگوەڕ هەیە
لەوەعزیشا فەرمایشی گوێ کەڕ هەیە!
بۆچ هەر حسێن لەناو سارای تینوێتیا
سەراب بگاتە نیشانی؟
بۆچ هەر یەزید لەسەر تەخت و لەناو بەختا خۆی بابدا؟
وەختێ گەدەیشی دەگیرێت بەکەوچکی شەرع و یاسا خۆی ڕابدا؟
بەدەمی فەتوای چەواشە نووکی ڕم و نووکی قەڵەمی دابدا!؟
لە پەناوە بەگومڕایی هەزار تەشەر لە خوابدا
چەقۆیەکیان لە زامێکم دەربهێنم، تیرۆریزمم
ئەگەر بڵێم من مرۆڤم، سنوور و شەرع و یاسایان کێچ تێی دەدا
ڕۆژی هەزار عاشق بکوژن، بەبێ پاساویش حەڵاڵە
گەر یەکێکیان ڕابچڵەکێ، دەمکەن بەدوژمنی خودا
دوام دەکەون بەناتۆرەی جودا جودا
هۆ دوژمنان هۆ دۆستانم
ئەوە کوردم و ڕاستییە
عەشقم بەڵێنی خودایە بۆ ئازادی و بۆ ئاشتییە
بۆ چاو ڕەشەکەی مەولەوی و حەبیبەی بەختی نالییە!

***

بەبۆنەی کردنەوەی زانکۆی سلێمانییەوە

٩٤/١٢/٢٣

ئەگەر دەبووم بەهەورەکەی ئەو معدومەی کە دەیناسین
ئالێرەدا بێ یەک و دوو دەستم دەکرد بەدابارین
بەسەر ئەم گوڵە زەردەدا
بەسەر ئەم خاک و بەردەدا
بەسەر ئێوەی بەڕێزاندا
لەگەڵ هەوای ئاوێزاندا

ئەوەی چرایێک هەڵدەکا ئەو ئازایە،
ئەوی بانەیێک دەکێڵێ ئەو پاشایە،
ئەوی ئازادی کوردستان نادا بەنان
بێ هاوتایە،
ئەوەی بەسەرما خۆی دەگرێ و ڕوو ناکاتە هەوای بەغدا
خۆی پۆڵایە
ئەوەی بەگیرفانی پڕی دەڵێ: ئادەی بکرێرەوە
منداڵی خۆیشی هان دەدا سنووقەکەی لێرە ڕۆکات
خۆشەویستی زاتی خوایە
ئەوەی قسەی حەقیش ناکات، ڕستی تانجیی لە ملدایە
هۆ قیبلەکەم زانکۆی نوێمان، خەونی خۆشمان
چاوگەی ڕوونی بیر و هۆشمان
من ئەو ڕۆژەم هەر لەبیرە، فاشستەکان، دایتیان بەکۆڵی گەڕۆکا
شارە و شار بوو
ساڵێکی کوێر، بێ بەهار بوو
بەدەن لەگیانی بێزار بوو
من بەدواتا فرمێسکم ڕشت
هەزار شیعری جوان و ڕێکم لە قووڵایی ئەندێشەما
بە ئاهێ کوشت
دەم و دڵم قۆچەقانیی تف و لەعنەت و نەفرەت بوون
دەم هاوێشتن بۆ ئەوانگەل
وەک بای ئەجەل
وەک پێشبینیی پەتای ئەجەل!
زانکۆکەمان! کە فاشییەکان، تۆیان هەڵکردە سەر دەستیان وەک گلۆڵە
ڕووم کردە ئەم خاک و خۆڵە،
وتم منیش وەکوو نالی ئەوا ڕێگەی کۆچێ دەگرم
ئەم شوێنە لام هەر پیرۆزە هەتا دەمرم
بەبادەکەی خۆش مروورا نامەی دڵمی بۆ دەنێرم
بانگیش بەدواتا هەڵدەدەم تا ئەو ڕادەی کە دەوێرم
زانکۆکەمان! کە تۆیان خستە سەرپشتی کینە و تۆڵە
هاتمە سەر ئەم خاک و خۆڵە

وەکوو خاڵۆی کۆماسیمان، شیعری گڵکۆم بۆ نەنووسیت
چونکە وتم هەر دێیتەوە
سەرچۆپی کێشی شاییەکەی هاتنەوەتم، بامێنم
ئەمجارەیان نۆرەی منە، بەردی بناغەت بچێنم
زانکۆکەمان! کە تۆیان خستە ناو ئەنفال
چی فەرهەنگی جنێو هەبوو، هەمووم هانی
وەک شێخ ڕەزای تاڵەبانی
عەرش و قورشی داگیرکەرم دایە بەرجوێن
هەنگاو هەنگاو تۆ هاتییەوە، سەر چاوانمان
ئەی بووکەکەی نوێ باوانمان...
تۆ دیاریی ڕاپەڕینی پیرۆزمانی
ئەم بەهارە جێ ئاهەنگی نەورۆزمانی
بەدیارتەوە شیعرەکانم وەکوو بولبولی خۆشخوانن
تۆ، بەقیبلەی خۆ، دەزانن
نوخشەی حوکمی فیدراڵیت و
تاڤگەی خوڕی ئازادیت و بەهای خوێنی شەهیدانی
کەدەستیان دایە باڵی تۆ، کێ نەیتوانی؟
پەیکی مژدەت دا بەشارا، کێ نەیزانی؟...
گیرفان پڕی مایەپووچ بوون، ئاشن بەبێ ئاوەدانی.
زانکۆکەمان! ببە بەچاوگەی زانیاری
تۆ ئەمجارە نۆ بەهاری
ڕۆڵەکانمان لە ئامێز نێ و بەبیری نوێ گۆشیان بکە
بەبرێشکەی وشەی کوردی پڕی چاک و کۆشیان بکە
با خنجەرمان بەجامی تۆ ئاو بدەین و لە کێلاندا نەی خەوێنین
پۆلە مەلێک لەم کێڵگەدا کەوتە چینە، نەی تەرێنین
من لە ئاوی دامێننتەوە جۆگەی مۆبەد ڕادەهێنم
سکاڵای گەل لە نەزانین تەنها لای ئێوە دەشکێنم
من لەمڕۆوە بەیانیان ناشتا بەدیدارت دەکەم
هەر لێرەدا کە ماندووبووم کۆڵ و باری خەمم دەخەم
هۆ زانکۆکەم، هۆ خەونی خۆش، هاتیتەوە سەرچاوانم
وا تەلیسمیان دەکرێتەوە بوهتی دڵ و باری شانم

من ئاودێری باخی شیعری کوردستانم
کە ماندوو بووم، ماڵە گەورەکەی باوانم!
هاتیتەوە سەرچاوانم!
لە جێی نەوت و بەرگ و نانم
ئەی هەنگوینی نێوی شانی
هەنگەژاڵی دەرد و ژانم
هاتیتەوە سەرچاوانم

***

ڕاپۆرت

١٩٩١/١١/١٣

من بینیمن، هەردووکتان بوون
دانیشتبوون، پێدەکەنین، ئاسمان لێڵ بوو
برین بەقەد جێگە دەمی پاچ و بێڵ بوو!.
پەڵەی ڕەشی هەوری وێڵ بوو
من بینیمن، هەردووکتان بوون
دەمەتەقێ و پێکەنین بوو
شەقام چەک بوو، شار چەک بەدەست
سەربان، سەنگەر
بنمیچ، خنجەر.
من بینیمن، هەردووکتان بوون... پێدەکەنین.
خامەی دەستتان ئیمزاکانی کۆن و نوێتانی خوێندەوە
بیکەیسی دەیکوژاندەوە
ئارپیجی سایەی سەرتانی لەسەرتانا دەشکاندەوە
من بینیمن، هەردووکتان بوون، پێدەکەنین
لە ئێستەوە بۆ نەورۆزی دوو هەزارتان
سروودی نوێتان دانابوو.
دووکەڵ ڕێگەی خۆری دەبڕی
لە باژێڕی بێکاراندا، جاشێ پێشمەرگەی دەکرێ!.
من بینیمن، هەردووکتان بوون پێدەکەنین

بەیەکەوە شێوتان دەخوارد
بەخەندەی چاو، بەبزەی لێو ماچتان بۆ یەکتری دەنارد
لەپشت پەردەی خەمتانەوە، فرسەت تەلەب ئەمبەرەوبەر...
بەڕووی یەکدا دەڕشانەوە!.
گوێم لێتان بوو بەڵێننتان دا...
ئێوەم بینی لەپتان لەناو لەپی ڕەشی ئەهریمەندا زەردهەڵگەڕا
داستانی مەرگی کوڕەومان، بەبەرچاوی جیهانەوە هەروا دڕا!
ئەوەی دەیڵێن گوێمان لێیە
هەزار شایەتیمان پێیە.
بیڵێن، لە ئێمە مەترسن، داخۆ چیتان لەدڵدایە؟!
دڵەڕاوکێ ڕێگە لە ئەشکی ئاسمانی سایەقەمان دەشێوێنێ
ئەم وارەمان، تاکەی کانی ژیلەمۆ بێ؟
سەری ساڵە، جەژنانەمان ڕۆڵە ڕۆ بێ؟
لە دژواریی قسە و کارا، بەڵێن و پشتی پەردەوە...
کەم پەترۆی زام هەڵبەنەوە،
قوربان ئێمە بێ تاوانین، بەس هەناومان بەردەنەوە!
ڕاپۆرت... ڕاپۆرت!!
ئەم ڕاپۆرتە با نەسرەوێ
ئەوەی لە ئاشتی بەداخە
کۆستی خەست و قورسی کەوێ!
هۆ خەڵکینە بەس پەترۆی زام هەڵبەنەوە
منی شاعیر بێ تاوانم، بەس هەناوم بەردەنەوە
هێشتا جەستەم هەر سووتماکە
لە نوێ ئاگر مەخەنەوە
هێشتا گوێم لە خورپەی دڵ و ڕاچڵەکینە
نەفخی سوور لێ مەدەنەوە!
تازەزامم، خوێن دەچکێنێ
برینم تێ مەکەنەوە
بەس پەترۆی زام هەڵبەنەوە!

***

بررووسکەیەک بۆ یادی (دیلان)

١٩٩٥/٤/١٠

مامە کوڕنووم بەیاداهات، بوو بوو
بەکۆترە شینکەیەک
بە ئاسمانی ئەم شارەدا جەولانی بوو
دەیدا لەباڵ
شاری دەکرد بەگومەزێکی سەربەتاڵ
دەیدا لەباڵ... دەهاتەوە
دەتوت دەرگای بەهەشتی نوێ دەکاتەوە!
دەیدا لە باڵ... بە گمە گم دەهاتەوە
دەتوت باوە ئەفلاتوونەو
لەناو کووپەی شەرابایە و دەخواتەوە!
دەیدا لەباڵ... دەهاتەوە
دەتوت خەییامی سەرمەستە و
بە بەڵگەی ڕەز، وەڵامی خوا دەداتەوە!
دەیدا لەباڵ... بەقونەقون دەهاتەوە
دەتوت بۆ لای مامە یارە
مژدەی خۆشی دەباتەوە
دەیدا لەباڵ... دەهاتەوە
دەتوت بارانی ڕەحمەتە و گردی سەیوان دەشواتەوە!
وتیان چییە وا شەیدا بووی؟
وتیان لە کوێوە پەیدا بووی؟
وتی ئەو ساکە من مردم، تەواو مردم
بەقەڵەمی دیلانەوە گەڕامەوە
لەناو گەرووی دیلانیشدا
لە ئاوازێکی زۆر خۆشا خولامەوە!
تۆزی مەرگی لەسەر لادام
بووم بەئاڵای ژێر سێبەری
چوومە سەر خوانی ڕابەریی
بەئەمەکم... دەبێ پاداشت بدەمەوە
دەبێ ئاگری نەورۆزی پیرەمێردمان

له دامێنی مەزرای دیلانی شاعیرا بکەمەوە
دای لە باڵ و بەسەر شارا چریکانی
گمە گمی، بوو بەخوڕەی ئاوی کانی
بەسەر لووتکەی منارەکەی مەولاناوە پەیامی نارد
بۆ لای نالی، بۆ ئەستەمبووڵ
بۆ غوربەتی حاجی قادر...
بۆ مەولەوی و ئیشراقی قووڵ
بۆ بێکەسی ئاگری سوور
بۆ گۆرانی بێ شڵپ و هووڕ
وتی: دیلان لە بەهەشتا بەقەد دڵی هەموو کوردی
جێگە هەیە
وتی: دیلان لەم سەرخاکە
بەقەد چاوی هەموو کوردی ڕێگە هەیە
وتی: دیلان نەمردووە و قەت نامرێ
دەبێ عومری خولوودی ئەو
لەگەڵ عومری گەلی کوردا حساوکرێ
لەناو سروودی نەورۆزا،
لەناو ئازادی خوای کوردا،
لە قەتاری دەروێشەکەی گەرمیانی دا،
لەبەیتی بەردەشانی دا
دیلان سوولاوی زولاڵە
جەژنی خۆشە و شوورەی پۆڵا و
بەژنی ڕێک و چاوی ڕەش و لێوی ئاڵە.

***

مەی دێر

مــەی دێر، ئامــانە، لاکــە بەمــلاوە
دەرمـــانی دەردم جـــامێ شـــەراوە
قـــوربانی دەست و ســـینی و وادەتم
مـن هەر بەتـەمـــای گـــفت و بـادەتم
جـەژنە و قـوربانیم، کـوا تیلەی چاوت؟
ڕۆحم داهـێـنێ وەک پرچی خـــاوت

مـەی دێر من ئەمـشـەو حـاڵم بێ حـاڵە
ئاخم بۆ بادەی خـەسـتی حـەو سـاڵە
مـاچێک لە گـۆنا و قـومـێک لە لێـوت
بۆنێک لە تاڤگەی قـژی پەشـێـوت
چ ئەم دنیـامـە و چ دنیـاکـەی دی
پێـشکەش بەتـۆ بن گـەر زویر نەبی
لێـوت پیاڵە بێ، چپەت مـەزەی خـۆش
مـنـی دێـوانـە چم داوە لـە هـۆش؟!

***

حەللاجی سەردەم

١٩٩٠/١٢/٩

دەشێت ڕۆژێ بەدوای منا بگەڕێیت و نەشم بینی
دەشێت ڕۆژێ وا بزانی من وێڵم و سەر گەردانم
دەشێت ڕۆژێ لێت بپرسن، بڵێن کوانێ؟!
لە وەڵاما بڵێی منیش وەکوو ئێوەم و نازانم!
هۆ خەڵکینە لاتان سەیرە شەرابی ناب
لەناو ئاوێکی زولاڵا بتوێتەوە؟
لاتان سەیرە کە تەلیسمی ڕێگەی عەشق
ئەگەر بەسۆزی شاعرێک مەحف ببێ و بکرێتەوە؟
لاتان سەیرە ئەگەر عاشق بەسەر باڵی سۆزێکەوە
چووبێتە ناو باخی جوانێ؟
ئیتر ئێوە بۆچی بەدوایا دەگەڕێن،
ئەی ئەو بۆچی دەڵێ کوانێ؟!
من ئەو چاوەم بەزریزەی شیعرێکەوە،
بەگەردنتا هەڵواسراوم
من ئەو چامە دەم هەراشەم، لەنێوانی مەمکەکانتا
بووم بەخاڵ و خپ کراوم
لەناو ژمارەی ساڵاننا. وا خەریکە
نوقم دەبم هەتا لێوان

دەشتی وشکایی تێکەوتووم، دەڕوانمە لووتکەی کێوان
هەر بەهارە
گوڵ و تەمەن وەکوو ئاڵان
لە خوارەوە تەکەیان دێ ڕۆژ و مانگی
تەزوێی ساڵان(١)
ئەی بۆ لەمن تێ ناگەیت و شیعرەکانم لەبەر بکەی؟
باخی گوڵانت بەپیتە، تاجێ گوڵم لەسەر بکەی؟
لە دامێنی هەڵوێستێکتا بمکەی بەهاوڕازی خەمت...
بەشانەیەک لوولم بدەی لەگەڵ تاڵێکی پەرچەمت؟
با، لە جۆلانەی پەلکتا بمکەی بەکۆرپەی بەرمەمت
ئەوسا لە ناخی شارەوە باوەڕم دەنگ دەداتەوە
من حەللاجی ئەم سەردەمەم
منم دەروێشی ئەم شەمەم
فەرهەنگەکان هەموو خەوتوون
هەر خۆم فەرهەنگی ئەم خەمەم!

***

ئاوات

لەسەر ڕەوتی سوارچاکانی شیعری کوردی

ئاواتمە، ڕێکەوتیش بێ، ساتێک تەمەن بەکامم بێ
مەزەم شیعر و جام لێوی تۆ، شیلەی دەمت شەرابم بێ
لەسەر تەبارەی باوەشت ناخی حەزم بکەمەوە
چپەت پەیامی خۆشبەختی و نیگات مەرهەمی زامم بێ
کە مەستیش بووم بەم هەوایە، هەرچی هەوا و هەوەس هەیە
لە قومێکا پێشکەشم کەن وەکوو ژەهر حەرامم بێ
با شۆڕەبی خەم و مەمت سێبەر بکا بۆ جەستەکەم
دەچمە ئەو پایە و شکۆیە، شاهی شاهان خولامم بێ

***

(١) تەزوێ: تەزبیح

گوڵدان

١٩٩١/١/١١

من دەزانم تۆ گوڵێکی چەند ناسکی
بۆیە لەدڵما دات دەنێم
ئەی تۆ بۆچی، خۆت نازانی
من بۆ گوڵدانی تۆ دەشێم؟!
لەهەر شوێنێک کە بتبینم
وێنەت دەگرم بەچامەیەک
بۆ هەر کوێیەک بچیت، ئیتر
سۆزم دەبێ بەنامەیەک
لەشیعری هەر شاعیرێکا
بتخوێنمەوە دەتکەمە بەر
لە تاجی هەر هونەرێکا
نقێمێک بی، دەیکەمە سەر
من حەز دەکەم لە باوەشتا
ببمە دزی باخ و بەرەت
من حەز دەکەم وەک کیژە جاف
پێشکەشم کەی نان و کەرەت
من خەییام و تۆ جامەکەی
پڕ لە شەراب و لێو تەنک
وەهام دەوێ هێشووی مەمت
بکەم بەچێژ دەنک دەنک
تەنها شەوێک بەهەشتم بی و
پاراوی کەی لێوی بریام
پێشی ئەوەی بەیان بدا
پێشکەشت بێ هەردوو دنیام

***

دڵداری تۆم

١٩٩١/٦/١٣

من دڵدارم، دڵداری تۆم
شیعر و بەستە و پەیڤ و نەوام هەموو خۆمن
نیگاری تۆم
من بەشێکی گوڵزاری تۆم
من دەمێکی بەهاری تۆم

*

لەو ڕۆژەوە هۆشم هەیە تۆم خۆش دەوێ
من دڵدارم
عومرێک دەبێ بەدووتا دێم
عیشق و خەمە کۆڵ و بارم
من دڵدارم
من نەژادی ڕێی ئازارم
بەڵام هیچ کەس وا نەزانێ دەسبەردارم

*

لەسەر تابلۆی قەدەری خوا
کە نەخشەیان بۆ تۆ چنی
وتم هەرتۆ یاری منی
لەو ڕۆژەوە لەناو گەمارۆی نەیارا
پەرچەمی تۆ خپ کراوە
دەلێلێی تۆ و دەلۆلۆی من
لەگەڵ نازی نازدارانا کپ کراوە

*

عاجباتیەکان ئەوسا حەوت بوون
لە بەهاری زەماوەنتا وا بوون بەهەشت
نەیارەکان بۆیان گرتمەوە قوڕی خەست
وەکوو نالی شار و شەوم لە پشتم بەست
دۆڵ و چەم و تۆفان و شاخ

بوون بەعەزیا و ڕێیان گرتم
نەیانزانی خۆ من کوردم
من تۆرەمەی هەندرێن و ڕێی هەڵگوردم(*)
منی عاشق بەناو شیعری جەهەننما
زۆر عەزرەتیم
ڕێگە تەیکەم دەستم بگاتە دامێنت
بیرم دەچێ سەد مەینەتیم

*

منی دڵدار
ئەگەر بەگەرووی مەرگیشا ڕام بکێشن
دەستم لە تۆ ناکەنەوە
ئەگەر هەموو ئەم زەمینەم بۆ تاپۆکەن
سڵاوی تۆ نادەنەوە
من دڵدارم
خۆ من ئەمرۆ دڵ شکست و بەئازارم
نایگرمەوە کۆڵ و بارم
هەتا بەعیشق و خەمەوە نەچمەوە ناو دڵی شارم
ماچی نەکەم لێوی یارم
نەبن بەیەک دڵ و زارم
من دڵدارم، من دڵدارم

*

هەر کە بینیم ئاوەدانی و نەخشی پری،
مەی نۆش دەکەم لە چاوی تۆ،
لە ئاوی کانیبیاوی تۆ،
قنیات دەکەم بەنان و دۆ،
تاجی عیشقیش لەسەر دەنێم...
با شەق بەرن نەیارەکان، خۆ من دەبمە خاوەن شکۆ
من دڵدارم، من نەژادی ڕێی ئازارم

(*) تۆرەمە: نەسل، نەوە

سەنگەری ئازادیخوازان

١٩٩١/٣/٢٧

بەبۆنەی ٣/٣١ ساڵیادی دامەزرانەنی حزبی شیوعی عێراقەوە.

ئای کە ئاگر بەسەر تۆدا هاتە خوارێ و
هیچ کەس نەبوو بزووتکێکی ڕەش کاتەوە!
ئای کە قرچە کەوتە ناخت، تەقیتەوە
شاخێک نەبوو قرچەییێکت لێ وەرگرێ
بەرەو جیهان دەنگ باتەوە!
ئای لە سیفری بێ وچانتا خوێن، ڕژاوە: سەر، براوە
دێرەکانی هەموو دێراوی ئازارن
وا چەند ساڵە وەرزەکانی تەمەنی تۆ بێ بەهارن؟!
ئەی سەنگەری ئازادیخواز،
ئەی سەنگەری چۆڵ نەکراو!
ئەی سەنگەری خەون و خەمی هەژارانی ئەم وڵاتە
دنیا لە تۆ شەوە زەنگ بوو
مێژوو لە گشت ئەو ستەمەی ڕێی دەگرتی
هەر بێ دەنگ بوو
هەر بەپەنگ بوو!!
خەمان لە تۆدا خەملیو بوون، هەرچەند دەهاتنە چرۆ
بوختان دەبوو بە بژار و دەدرایتە بەر تۆپی درۆ.
ئەی سەنگەری بەرەی خەبات، تۆ پێم بڵێ
مژدەم بەرێ باوەڕ بکەم وا خۆر هەڵهات!
باوەڕ بکەم خۆر هەڵدێت و تینی دەگاتە دەروونت
ئیتر ڕێیەک دەکرێتەوە هەر بۆ هاتوچۆی بۆچوونت؟!!
ئەی سەنگەری ئازادیخواز،
ئاگربارانت بەس نییە؟!
تۆ پێم بڵێ، مژدەم بەرێ
ئەمجارەیان بەردەمی تۆ هەرەس نییە!
ئەی کورد، گەلی ستەم دیدە!

تۆ شایستەی کە نەیێڵی سەنگەرێکی ئازادیخواز
هەرەس بێنێ و
گەنمە بەهارەی ئەمساڵمان لە کێڵگەدا خۆرە لێی دا،
کرم تێی دا.
ئێوە مەردن ئەی مەردینە!
با بگەینە خەرمانان و سووری خەرمان هەڵبەینەوە
سووری خەرمان تا دەس هەڵدەی پیت و فەڕ بێ!
ئاشتی خۆشاوی دوای شەڕ بێ!
کورد دەروونی فراوانە و دیوەخانی کراوەیە
کورد ئەمجارە، تۆ پێم بڵێ، مژدەم بەرێ،
نای دۆڕێنێ براوەیە!
سەنگەرەکانی ڕێی خەبات شوورەی شاری هیوای گەلن
پێشمەرگەکان مانگ هەڵدەکەن، خۆر هەڵدێنن
ئیتر هەزار هەزار ئیتر
قەت سەنگەری ئازادیخوا ناڕووخێنن!
سەنگەرەکانی کوردستان، نێرگز دەگرنە یەکتر و
بەماچ یەکتر هەڵدەسێنن!!

***

بەڵێن

١٩٩١/٦/٣

ئاواتی چەند ساڵەمە ساقی تۆ بەڵێن بدەی
کە، هاتمە ئاسانەت بەرچاوی خۆتم بخەی
من بەخەندەی تۆ دەژیم بەنیگاوە تێم گری
نەیار بەکینەیە لێم تۆ بەقسەی ئەو نەکەی
جام و دوو جام بەس نییە، دەمێ ساڵە تینوومە
لێم مەگرەوە دەخیلە، بمخەرە بەر تافی مەی
مەی برژێنە نێو گەرووم، مەی برژێنە بەسەرما
وێکرا سەر و چاو و دەم بڵێن خودایا ئۆخەی
من عەزرەتیم چاوەکەم، پەلەم لەجێی خۆیەتی

ئەمڕۆ عومر هەڵی دام، نەکەی بمخەیتە سبەی
سبەی کێ دەڵێ دەژیم، ساقی ئەمساتە ساتە
بەڵێنی دا، وادەمە، قوربانی بم ئەو دەمەی
مەییت ناب و نایابە، مەیخانەکەت مۆبەدە
من، ئاگر و برایم، کاری خوداوەند دەکەی!!

***

لێو

١٩٩١/٦/٥

وەی وەی لەو جووتە لێوە
چ سیحرێکیان وا پێوە
خونچەی نەوشکۆفەن و
گولاویشیان لە نێوە
ئاڵن وەک دەنووکی کەو
ناسکن وەک شیرین خەو
قوتن وەک گۆپکە و چرۆ
ئەستێرەن لە تیرەشەو
عەقیقی دەوری دوڕن
چاوی نازیش ناسڕن
تەنها بەخەندە نەبێ
پەردەی بەیان نادڕن
جووتێ مانگی چەژنانن
وەرن بۆیان بڕوانن
دوو بەیتێکی مەوزوونن
گەر لە شیعر دەزانن؟
جامی دەم لێ نەکەوتوون
خوماری چاو نەخەوتوون
خوایا سا بکرێتەوە
بڕژێ شەرابی گوڵگوون
ئەوەڵ سۆز و خەمی من
ئەوەش گیان و دەمی من

ئەی جۆباری مەی و ماچ
بشکێوە سەرچەمی من
هەی هەی لەو جووتە لێوە
کە هەڵهاتن لە کوێ وە
کیژێ بیان کەرەوە
بەجوێنیش بێ لەڕێوە

***

لەنگەرگرتن

١٩٩١/٧/٣٠

ئەگەر بڵێم لەسەر دەنکی لێوی ئاڵت
تەنها ماچێک دەنووسم و دەم لادەبەم
ئەرز هەڵدەچێ و ئاسمان دەخات!
گەر داواکەم لەسەر سینەت بەگازێکی ئێجگار هێواش
دوگمەییێکت بقرتێنم
خوا دەزانێ چی ڕوودەدات!
ئەی هاوارە خۆ باوەشت ئەوە هەر نا، و قەسدی سەرمە
کاول بوونی ناو و دەرمە
ئێ من کەشتیی ناو گەرداوم، دە ڕووی خۆتم لێ گرژ مەکە و
ئاوا نەبێ لە ئەگریجە خاوەکانتا
بەشکوو منیش هێدی هێدی لەنگەر بگرم
لە دەفتەری چاوەکانتا

قەڵبەزەی شیعر

١٩٩١/٩/٢

قەڵبەزەکەی بێتواتەیە شیعر و وشەم
سەروچاوە دەگرێتەوە
وەکوو هەڵۆ دەزریکێنێ و
بەسەر هیزۆپ و دووکاندا
هەردوو باڵی دەکرێتەوە

له کۆیەوە مامە حاجی بانگم دەکات
دەڵێ وریابە ماندوو بووی، کۆڵ دانەخەی
بۆ من نەبێ، پەنا بۆ هیچ کەسێ نەبەی
لەسەر مەزاجی «فانی»یە
شیعر دەڵێ بمهۆنەوە
بۆ نازانیت، دەگەیتە زێ و ئاڵتوون کۆپری و
لە شۆربجە و ڕەحیماوا
منداڵە کورد دەتخۆنەوە؟!

***

ئافرەت

١٩٩١/٩/٨

خۆشم دەوێی تۆ ئافرەتی
خۆشم دەوێی تۆ نازاری
تۆ هاوسەری کێش و سەرەوای ئەشعاری
تۆ سەرینی، تۆ نوێنی
تۆ چرپایەی ئارامی
تۆ سێبەری سەرەوژوورەکەی
ڕێی ئاوارە و ناکامی
تۆ خەونمی، تۆ شەونمی
دەباریتە نێو چیمەنی زەردووامی شیعرەکانم
دەستە مەرهەمی زامی
تۆ بەرچایی و تۆ قاوەڵتی و تۆ شامی
هەر لە تۆدا گڕی جەستەم خامۆش دەبێ
تۆ پریاسکەی سەر ئێشەمی
تۆ پێچەمی، تۆ کێشەمی
تۆ دژوار و تۆ دۆستمی
ئاشنامی
تۆ نەخشەمی، تۆ ئاڵامی
تەنها لەسەر گوڵی دەمت
مەلی خۆزگەم بای باڵ دەدا

تەنها لەسەر سینەی تۆیە گیانی خەستەم
ڕێگەی شنەی شەماڵ دەدا
من، مەسیحی نەوسی ژێرم،
هەر بە خاچی باڵای تۆدا هەڵدەواسم!
من لە تۆوە شیعر و جوانی و
چێژ و ئارامیش دەناسم!
من زیندانم، کلاوڕۆژنەم، چاوی تۆیە
دێمە، جارم،
ئەی شەتاوە ڕۆشنەکە
هێڵ بەهێڵم چاوەڕوانی ئاوی تۆیە
دانەوێڵەم، لە تەبارەی سینە و مەمتا بمروێنە
پەیغامبەری ڕەنگ و بۆنتم
دەتۆی هەیوولانشینیش بەپەیامێ بمدوێنە
ئەو دروشمەی گشت هەنگاوێ،
گشت قۆناخێ
ڕەوتی مێژوو دای نەناوی
تۆ ئەو کتێبە پیرۆزەی هەتا هەتا لەسەرچاوی
من کاوەش بم...
تۆ چەکوشی، تۆ بەرکۆشی
کە دەشخزێمە دامێنت خوا دەزانێ
تۆ چەند خۆشی؟!
خۆشم دەوێی چونکە جوانی
هەر تۆ بەخت و تۆ فریشتەی جێ ژوانی
هەر باوەشی تۆ ئارامگای ئەندێشەمە
گۆڕەپانی تێکۆشانە و،
«ئەی ڕەقیبی» ئەم کێشەمە
شەو و ڕۆژێ بیست و چوار جار
منی خۆزگە لە پانتایی
جوانیی تۆدا هەردەوێڵم
لە پێشمەرگە کۆنەکانم
یا دەکوژرێم، یا سەنگەرم جێ ناهێڵم.!!

***

قەڵادزە

١٩٩١/٩/١٩

هۆ هۆ شارە وێرانەکەی دڵی پشدەر
خۆ من سەرم لە قوڕناوە،
لە شوێن ماڵێکی کاولتا دایک مردووم و شین دەکەم
لەوەتەی تۆ لە وێرانی هەڵکێشراوی
لەهەر کوێیەک ئیسلام هەبێ و شار خاپوور بێ
بێ یەک و دوو ئامین دەکەم
بۆ تۆ بمری و قسەی زلی زەرد هەڵگەڕاو...
باسی بەهەشت و جەحەنم بدا بەگوێی ئەم و ئەودا
هیچ میحرابێ نەی لاوانی!
هیچ ئیسلامێ نەیخستیتە سەر باوانی!
کە تۆیان کوشت هەر کورد وتی: ئای دایکە ڕۆ
هەر کورد قوڕی گرتە سەری
دانی شاشی ئومەمیەت بەدانە چۆقە هەڵوەری!
لەسەر گۆڕی تۆ وەستاوم
چاوەڕوانم وەکوو مەسیح هەڵسیتەوە
خۆڵی مەزرات بکەم بەسورمەی چاوانم
منیش وەکوو (سارا) خاتوونی هەڵکەوتووت
بێمەوە کۆشی باوانم
ئەگەر ڕۆژێ تۆم لەبیرچێ
ئەو کاتە من ڕشانەوەی ئێڵنجەکانی تاوانم!
قەڵادزێ، قەڵای دوو زێ
من زێیەکم لەو دوو زێیە
ئاخۆ سارای شاعیری تۆ
لەمەش زیاتر چی دی پێیە؟
تەنها دەنگی شاعیری کورد سۆزی شەقامە ڕێمانە
دەبا دوژمن خەمی باربێ
قەڵادزێ، بوو بە کەعبە و قیبلەگایەکی نوێمانە

دەسارا خان(*) بەگەردوونا بانگێ بدە:
قەڵادزێ دیوانی شیعری وێمانە(*).

***

قەسەم

١٩٩١/٩/٢٨

بەهەوای گۆرانیی کوردی

قەسەم دەخۆم نات ڕەنجێنم
وەکوو بولبول بۆت دەخوێنم
تۆوی شیعرت بۆ دەچێنم
ئەم دنیایە و هەرچی تیایە
ئەم دیوانە و هەرچی تیایە
ئەم گلێنە و خەون و ئاسۆ
خەون و هەرچی تەپاوتلە
چاوی ڕەش و هەرچی کلە
لێوی ئاڵ و چی خەندەیە
هەرچی خەندە و کریکەیە
هەرچی پەیڤی فەریکەیە
دەیانخەمە ناو بوخچەیێک
دەیبەستمە پشتی سەفەر
دەبنە توێشووی ڕێگەی خەتەر
بۆ چامەیێکی دەم هەراش
بەدیوانا تێ دەپەڕێ
بەکتێبا بۆی دەکشێ
کێشی هەنگاوی بێ کێشە
چزەی گەستنی بێ ئێشە
چرای قافییەی پێ نییە

(*) سارا: کچە شاعیری قەڵادزێیە
(*) وێمانە: خۆمانە

خەڵکی دەڵێن چاو لە نوێیە
دەشڵێن گەڕیدەی بێ ڕێیە
دەڵێن هەموو شتی پێیە
دەڵێن هیچیشی پێ نییە
دەڕوا و خودی خۆی خڕ دەکا
گۆمی داڕووخاو پڕ دەکا
دەکەوێتە سەر زار و دار
بەسەر هەورا تێدەپەڕێ
بەناو هەورا دادەبارێ
دەدا لە بانی هەر شارێ
دەچۆڕێتە نێو دڵی خاک
لەگەڵ تۆودا دەڕوێتەوە
لەگەڵ لێوی گوڵە بەڕۆژەی -بیتوێنا- دەکرێتەوە
لەباڵ دەدا تا دەگاتە مەغریبستان
سواری ملی عەنقا دەبێ
دەخزێتە شاری جابوڵقا
بە-شێخ ڕەزا- دەڵێ من هەم
من پێیەکم ئەم دنیایە
من دەستێکم ئەو دنیایە
ئەم دنیایە و هەرچی تیایە
ئەو دنیایە و هەرچی تیایە
قەسەم دەخۆم بۆ تۆی دێنێ
ڕەنگە تان و پۆی ئاسمانت هەڵوەشێنێ
چامەی منە و لە جام دەکا
بەرچاییمە و لە شام دەکا
خەم بەلێوە، گوڵ بەلێوە
وەکوو بووکی شوو نەبەدڵ
چاوەڕوانی باوانییە
سووری خەرمان لە تۆ دایە
ئەو، (نەهات) و (بێ نانییە)

دەبارێت و تەپ و نمە
وەکوو ساوا دەم دەگێڕێ
تۆ دوو مەمکی پڕ لە فرۆی
وەکوو بەرخی ناو کۆزانە و
تۆش مێ پەری زۆر بەهورۆی
بەرەو لات دێت، لاکەرەوە
هۆوێ بکە و بادەرەوە
قەستەم دەخوات چاوەڕێیە
بۆنی مژدەی لەنوێی پێیە
تۆ، دەریاچەی، ئەو، ماسییە
تۆ زێڕیت و ئەو باییە
کوانێ دەستت، دەستی وێدە
کاڵای سفتە ناپوترکێ
تادەتوانیت زێدەی پێ دە
قەسەم دەخۆم من پسپۆڕم
بۆ هیچ کەسێ ڕا ناگۆڕم
بیگرەوە ناو هێلانەت
با، لانەوازیی فێر نەبێت
دەستەمۆی کە ناشکێتەوە
کە تۆ بووی بەڕاز و نازی
بەخۆت نەبێ ناکرێتەوە
قەسەم بخۆ دەیلاوێنی
لەناو بێشکەی چپە دووتا
لە مەسقەڵی گۆنا و ڕووتا
لە عارەقەی بەرگەردنتا
پەیژەییێکی بۆ ڕاهێڵە
بەسینەتا بێتە خوارێ
بەسەد بارا نەک هەر بارێ.
قەسەم دەخۆم خۆرئاوایە
قەرسی پایز، ڕەشەبایە

چامەی شێتم هاتە سەرپێ
ئەپرمێنێ وەک ئەسپی شێ
تۆ، لغاوی بۆ شل بکە
چەپۆکانە خۆی دەهاوێ
ئەو مەیدانی کەم نەفەسی هەرگیز ناوێ
نەفەس بدە بەمەیدانت
سورمە بکەرە چاوانت
من سوێند دەخۆم ئەویش قەسەم
ئەو ئەو کەسە و من ئەم کەسەم
ئەو نامەیە و من خۆم پەیکم،
شارەزام لە، شارەزوورا
وا نزیکی دەکەمەوە
کە خۆم ون کەم لە ناو دوورا
قەسەم، قەسەم، قەسەم، قەسەم
چامە دەڵێ
من ئەو گوڵاڵە نەورەسەم
بمدا لەسەر، ئێش نامێنێ
لە شیعرمدا کێش نامێنێ
بمکا بەنقێمی مێژوو
هەنگاوی دواو پێش نامێنێ!
هەمووو شتێ دەبێ بەیەک
هەموو یەکێ دەبێ بەدوان
هەموو دەمێ دەبێ بەکاس
هەموو سینگێ دەبێ بەخوان!
گشت دیوانان هەر بۆ منن
هەموو دنیاش هەر بۆ تۆیە
کورد و سێبەری داربەڕوو
شوان و خەمی نان و دۆیە!
قەسەم بخۆ درۆ ناکەی
تۆ تریفەی مانگەشەوی

جێ ژووانی جووتە و تاکەی
تۆ ئەو کچە کوردە قۆشمەی
ئەو بێ ترسە، ئەو بێ باکەی
کە سەر دەنێیتە سەرسەرین
دەیکەیتەوە دەمی برین
کە برینت پێچایەوە وەنەوز دێنی
بەناو پێڵووتا دەیچێنی
جامی خاڵیی خۆت ناشکێنی
جامی پڕی کەس ناڕژێنی
دەخۆیتەوە
دوگمەی شەتەک دەکەیتەوە
تاریک و ڕوون ختووکەی دایت
گورج سەلامی دەدەیتەوە
ئەو گرەوەی بۆیان دانای
بەخەندەییێک دەی بەیتەوە!
جاسوێند دەخۆم نات ڕەنجێنم
وەکوو بولبول بۆت دەخوێنم،
من خوا بکا تۆ بهێنم.

***

ماچ

١٩٩١/٩/٢٩

لەسەر ڕەوتی سوارچاکانی شیعری کوردی

وا دەم ئەمرۆ دەمی ماچە، هەموو شتێک بەولاوە نێ
جەستەم هەمووی لەخۆشیا هەڵدەپەڕێ، پێدەکەنێ
ئەگەر دەڵێن ئەم قسانە لە تەمەنی مندا نییە!
منیش دەڵێم: ڕەقیبەکان، ئەرێ ئێوە چیم دەدەنێ؟
وەکوو ڕەهێڵە ماچێکی سەرپەڵەییێک، دادەبارێم
بەسەر گۆپکەی دەم و لێوا، تا سوورایی لێ دەچنێ

ملوانکەییێکی ماچینە، دەکەمە گەردن و ملی
مەگەر خووا خۆی بزانێ، حەسادەتم چەن دەبەنێ!
دەیخەمە بەر شەستی ماچم لە چاویەوە تا بەری پێی
ئیتر گیانم لەجەستەما دێت و دەچێ، خۆی دەژەنێ
لەناو باخی سینە و مەما، دەبمە سوورە چناری ماچ
وا ڕەگی خۆم دادەکوتم، کەس نەتوانێ هەڵم کەنێ!
دەمم میرزای دیوانێکە، دەفتەری تۆی دراوەتێ
هەر پەڕەییێک هەڵدەداتەوە، مۆری ماچێکی پیا دەنێ!
گەر نەیاران ماچت لە من حەرام بکەن، هاوار دەکەم...
هۆ یارەکان، وا دەمکوژن، ئێوە لەسەرم هەڵبەنێ!
وەک ئازادی، دەمی ماچ و ماچی دەمە ئاواتەکەم
منم شنەی شەماڵی ماچ «گەلاوێژ»م پێ دەخەنێ.

***

چەند کورتە شیعرێک

١٩٩١/١٠/٥

بنی گیرفان

من لە بنی گیرفانمدا
چۆپی گێڕی ئاهەنگێکم لە خوا دەخواست
باو باپیران ئەسپێیان نارد
بۆ نەمزانی جێ هەڵپەڕکێ وێرانەیە،
وەکوو ئاشەکۆنێکی سارد؟!

دەست

دەستی ڕاستم قەڵەمێکە و چەپیش کاغەز
چی بنووسم؟، چی داهێنم؟
چۆن چۆن ڕاستم لەگەڵ چەپا
لە ئەندێشەما ڕاهێنم؟!

دەم

کونەباییێک بووە بەدەم

بیکەمەوە ڕەنگە سەری خۆم هەڵگرێ
دایشی بخەم ڕەنگە سینەم هەڵتەکێنێ!
ئێوە بڵێن من چی بکەم؟
چۆن واز بێنم، چی بکەم بەخەم؟
ئایا دەشی بێ دەم بژیم؟
ئایا دەشێ بێ خەم بژیم؟!

زمان

حەزم دەکرد هەر گۆی مەمان ختووکەدا
کاسە لێسان ڕەزا قورسن!
حەزم دەکرد هەر لێوی یار پاراو بکا
کەچی بوو بەچلۆسکی گڕ...
کەچی بووە بەشمشێرێ
بەیتی جنێوان دەنێرێ،
بۆ ئەوانەی گۆی مەمک و لێوی ئاڵیان
کرد بەتووتکەی پەنامالێیان!

گوێ

کۆچەڵەییێک بەلا سەرما هەڵواسراوە
جێ تاقیگەی دەم و دووە
دەنگ هەر لەوێ لە خۆی دەگا
دەنگیش هەیە کۆپانێکە و
بێ یەک و دوو لە خۆی دەکا!
کە زانییان مێیینەیە
هەر دەمەو دێ،
ئارەزووی خۆی لە گۆڕەپانیا ڕۆ دەکا
نەدەپرسێ، نە کۆ دەکا!

پێ

دوو دارشەقم لەژێرایە: ناویان پێیە
کە بەگوڕن

دەڵێی کوڕن
کە بێ وزەن، وەک ئافرەتی لەش بەدۆشاو
لەسەر چیچکان ڕێ دەماڵن
کالیارێکی چرچ و تاڵن

چاو

بە ملیۆنێ دێڕا گەڕا،
بەناو نەخشەی ئەم دنیادا گەڕیدە بوو
بەسەر هەموو جێ کیشوەر و جێ شارێکا خەمیدە بوو
من بێ خەتام، ئەو وای لێهات
بێز لە نەخشەی ئەم جیهانە بکاتەوە
کە لە ئاستی کوردستانا زێپی نەزۆکە
ئەینا لەسەر و بەرەوە
ئەڕوا و دوو خوێن دەکاتەوە
دەڕوا و دەوڵەت دەخاتەوە
منیش هەرچەند چاوم دێنم
بیکەمەوە و سورمەی تێ کەم
سورمە خۆڵی دێی سووتای خاکەکەمە!
کلتوور چاوی ژنە کوردێکی جل ڕەشە
خوشکەکەمە، داکەکەمە!

***

دار ئەرخەوان

١٩٩١/١٠/١٩

وا هاتمە ڕوو، دەپێم بڵێ
داخۆ لە من داوات چییە؟
خۆ ئەز نەک خۆم، وا سێبەریشم لەترسا هەڵدەلەرزێ!
خۆت دەزانیت کە من بەرگەی
تیلەی چاوی تۆ ناگرم،
لە پێش دەمتا دەمە دارێ...

بەری فرمێسکی هۆن هۆنی لێ دەبارێ
لە دووری تۆ، دەبم بەڕادیۆی چەند شەپۆل
هەر ساتێ خۆم دەکەمەوە،
هەر ساتێ بێن بمکەنەوە...
بەدرێژی هەر شەپۆلی
کیلۆ هێرتزی هەرچەندێ بێ
لە ئێستگەی جوانیی تۆوە، ئەو سەدایە!
لە خەرمانەی چاوی ڕەشتا گەلاوێژی نێو نیگایە
لەسەر لێوە گۆشتنەکەت، ئاهەنگی شۆکە و شیلەیە
خەیاڵی ئێسکە سووکەکەت لە چاویدا بیلبیلەیە!
سروودی گشت کردنەوەیێک
-بەناوی خوا، ئەو کیژۆڵە جوانکیلەیە!-
بەترسەوە وا هاتمە ڕووت، دەرگای سۆزت بکەرەوە
وەڵامی داد و هاوارم بەهێوری بدەرەوە
من خۆم سەیوانی ئازارم، گۆڕستانی شڵەژاوم
من خۆم نیگای ئەفسووسەکان دەنووقێنم
دەیان پەستێنمە نێو چاوم
هەر بەتەمام وەرم گری وەکوو چەمکی داڕشتنێک
لە شیعرێکی زۆر ڕەهادا بەگەردنتا بمهۆنەوە
لەسەر گۆنات، لەسەر سینەت بمنووسەوە
بەبێ کێش و بێ سەرەوا
با ئارەزووم ڕوونووسی کا...
وەک ڕاچڵەکین لەناو خەوا
داوا دەکەم، پێ دادەگرم
لە باوەشی چاوەکانتا، بمکە بەساوای بەر مەمان
لەسەر سەیوانی ئازارم، ببە بەداری ئەرخەوان!!

***

خەون و ماچ
چەند کورتە شیعرێک

١٩٩١/١١/١٢

١- خەونم دەدی... لە باخێکا دارهەرمێ بووی.
ڕام وەشانی
هەرمێ باران دەستی پێ کرد،
دەمگرتنەوە، دەبوون بەماچ
دەمم لێ کرد بە بەرکۆش و هەر هەموویم دا بەلێوم
ئەوسا زانیم بەم پایزەش چلۆن دزێکی بزێوم!

٢- خەونم دەدی... تۆ ئاسمانی
وام دەزانی، ئەوا ئەستێرە بارانە و
دانە دانە دەمقۆزتەوە
لەناو دەستما دەبوون بەماچ
منیش بەرکۆشم گرتەوە ماچی تێکەم
کاتێک کە بەخەوا هاتم...
هەردوو دەستم لە دەمما بوو!

٣- خەونم دەدی... کانییەکی زۆر سازگار بووی
زۆر ڕۆشن بووی
کەچی وەکتر کە دەمڕوانییە چاوگەکەت
گۆمە ماچێکی بێ پەی بووی
چیت پێ بڵێم؟ نای شارمەوە
وەکوو تینووی گەرمەسێرێ
لەسەر چۆکم دەمم تێ نای
کە خەبەریشیان کردمەوە
تۆ سەرین بووی، من هەر لێوم پیا دەهێنای!

٤- خەونم دەدی... تۆ کتێبی
کردمیتەوە
دیوانێک بووی، شیعرەکانت هەمووی ماچ بوو

دەستم کرد بەخوێندنەوەت، تاکە پیتێکم نەپەڕاند
کە خەبەریشم بووەوە
بەری جەستەم هێشووە ماچ بوو...
خۆم نەلەراند!

٥- خەونم دەدی... ئەتۆ باخچەی گوڵە ماچ بووی
بەرچینەییێکم پەیداکرد
دەستم کرد بەگوڵچنینی گوڵە ماچان
تا بەرچینە لێواو لێو بوو
کە ڕاچڵەکیم... دەمم پڕ بوو لە تامی ماچ
هەتا ناخم هەر نشێو بوو!

٦- خەونم دەدی... قوتابیم و وام لە پۆلا
وانە، ماچ بوو،
مامۆستامان هەرچیی هەڵسان
لەسەر تەختە ماچی نووسی
خوا بیهێڵێ، لێوی منی کرد بەسورگی
ماچەکانم پێ هەڵمژی
لە گەرووما بوون بەسروود
کە خەبەریشم بووەوە
وەکوو بڵێی ماچ هەڵدەدەم بۆ لێوی خۆم
ئاگام نەبوو لە نێوی خۆم!

٧- خەونم دەدی... تۆ وا کێوی
تۆ وا دەمی، تۆ وا لێوی
تۆ وا بەهێی، تۆ وا سێوی
وەکوو گەلاوێژی کێوی، تۆ مەزنی، تۆ بچکۆلەی
تۆ کەروێشکی، تۆ بەرخۆلەی
وام دەزانی لەیەک ناچن
کەچی وەکتر هەموو ماچن
کە ڕاپەڕیم، دیم: تەونەکەم،
قاڵییەکی ئاوریشمینی ئێجگار نەخشین

لە ماچەکانی خەونەکەم!

٨- خەونم دەدی... وا سوور گەرمە(١)
عەشاماتێک تێکڕژاوە
تۆ نۆ بووکی و...
ماینێکی ناو چاو ماڕۆت لەژێرا بوو
لەناو تارای پەمەییدا، گەلاوێژ و خەرمانە بووی
خۆم زاوا بووم
لەسەربانێ ڕاوەستا بووم
ویستم گەنم بارانت کەم
تارات لەسەر هەڵبەمەوە، تێر تێر سەیری چاوانت کەم
هێندەم زانی بووم بەماچێ...
نیشتم بەسەر لێوانتەوە
هێندەم زانی وەکوو ماچێ
بووم بەکلی چاوانتەوە
هێندەم زانی بووم بەماچێ
کرامە نێو چاڵی تینەت
هێندەم زانی وەکوو ماچان
ڕژامە ناو شنەی سینەت
کە باری خەو لە چاومەوە کەوتە فڕین
هەردوو دەستم شەکەت بوو بوون
بەجل دڕین

٩- گری گری، کوڕگەل هەموو دەستەسڕی لێ بابدەن
دەست بەنەشەن
خەرمانی خەم بەبا بکەن
ئەمڕۆ جەژنی ئافرەتانە
هەرچەند ڕێگەمان فرەیە، بەڵام جەژن دوو جەژنەیە
هەمووی دەچێتەوە بانە

***

(١) سوور: شایی

ڕێ بەندانی وەرزی ئاگر

بۆ شەهیدانی ڕۆژی ٧/١٠/١٩٩١ لە شاری سلێمانی: مامۆستا عیززەتی هونەرمەند و مامۆستا خاتووزین و لە عەرەبەتیش مامۆستا حسێن.

چێشتەنگاو بوو...
ڕەبیەکانی قەراخی شار وەکوو سەگی تەرەکیوی
ناو کولانە کەوتنە گەفین
وا سەگ وەڕە و ئاگرباران ڕووی لە شارە و
ئێمە بەرەو کام لا بچین
کە دوژمنت کەوتە گەفین دەبێ پەڵی بۆ بهاوی
دەبێ چاوی لێ سوور بکەی
دەبێ دانی هەڵوەرێنی
دەبێ ئاگری بۆ ڕاخەی، قەمچی نیلّەی تێسرەوێنی
دەبێ بەچاوەشی قەمچی، مەیموون و سەگ هەڵپەڕێنی!
چێشتەنگاو بوو...
چەخماخەی مەرگ بەسەر شاخا تەقییەوە
ساماڵی ڕووی قوتابییان ڕەوییەوە
قوتابییان! وا سەگ وەڕە،
دێڵە سەگی تەرەکیوە شاڵاو دێنێ
مەرگی زۆر لە ناکاو دێنێ،
هەمان سەگن، لە کتێبدا هەر دەوەڕن
لە مێژوودا هەر دەگەفن
لە ئاینا حەپەیان دێ
لە جزمیشا هەمان خولیایان لەسەرە:
ئەنفال هی خوا و پێغەمبەرە!
شمشێر بەدەستی ڕاستەوە چەپیش کیسەی وەعز و ئایەت
ئەم بۆ ئەویان ڕێ و خەبەرە!
ئاگر بارانە کوڕینە!
ئاگر بارانە کچینە!
دوورکەونەوە، نەوەک ببێ بەڕێ بەندان!

قوتابییەک -خۆ، ڕێ بەندان کاری بەفرە-
ئێمە بەفریشمان ئاگرە و ڕێ بەندانی ئاگرمان هەس
دوورکەوتنەوە مەدەن لەدەس!
چێشتەنگاو بوو...
قوتابخانە وەکوو دایکێکی سفتەڕۆ
هەر قوتابی بەڕێ دەکرد
- خوا حافیزت کاکە عیززەت،
خودات لەگەڵ خاتوزینم،
خوایە مەرگتان نەبینم-
هێشتا دۆعای دایە سۆلاف[1] لەسەر دەم بوو
هێشتا دڵی دایە سۆلاف، کلۆی خەم بوو
هێشتا چاوی دایە سۆلاف پڕ لە تەم بوو...
لەناو لوورەی تۆپی خەشا چنگی مردن هاتە دەرێ
هۆ خوای ئەنفال، ئەم ئەنفالە
ئاخۆ گیانی کێی کە، بەرێ!؟
دایە سۆلاف! کاکە عیززەت ئەوا لە خوێنا خەڵتانە
چاوێکی لە بالاّی تۆیە، چاوەکەس دی لە ئاسمانە
ئەوان، ئەوسا خۆ کەعبەیان بەمەنجنیق داگرتەوە
ئەوان ئەوسا، خۆ عەلییان
بەخنجەرێکی ژاراوی لەناو هەردوو دەستی خوادا
داگرتەوە!
ئەوان، حسێنیان سەربڕی
حەقیقەتیان کرد بەحەلاج، هەزار سەگی پێ دەوەڕی
ئەوان، ئەوان، ئەوان، ئەوان
ئەوان، شمشێر بگرنە دەست، کەس بۆی نییە ورتە بکات
ئەوان، ئەوان کە شمشێریان لەدەستا بوو
هەر خۆیان خوان!
چێشتەنگاو بوو...

(١) دایە سۆلاف: قوتابخانەی دواناوەندی سۆلاڤە لە سلێمانی

ئەوە دڵی داخورپاوی خاتووزینە،
خوێنی عیززەت چراوگی بۆ هەڵدەکات
بەڵام دڵی داخورپاوی خاتوزینمان
چاوی لێک نا.
ژیان لەناو گەفەی سەگی تەرەکیودا چۆن دەردەبا
چۆن درەختی ڕەنج و ئاوات...
لەناو شالاّوی ئاگرا سەوزەگەڵا لەبەر دەکات؟!
لە عەربەتی ئازەربتا بۆ کاک حسێن...
کێ قەڵغان و سوپەر دەبات؟
دایکە سۆلاڤ! وا کاک عیززەت پێڵووی قورسە
تۆ بەلێڵی بەدی دەکا
نوقمی دەریای ئارام دەبێ
ئەوا دڵی داخورپاوی خاتووزینیش ناکام دەبێ!
بەڵام، نەکەی دایکە سۆلاڤ، دەرگای دڵی خۆت دابخەی
دەبێ تیشکی خوێنی عیززەت لەبەر بکەی
ڕۆژگار جێگەی باوەڕ نییە، بیرت نەچێ
دەبێ تاقیەی خاتووزینیش لەسەر بکەی
ئەوانی سەگ! زۆر دەترسم وەکو (ثانوي الوطن)
خوانەکەردە، بتکەن بەجێ ئەمنی تازە
وا بزانن، ئاسمانی کورد، بێ هەڵۆیە و بێ شابازە!
بنو کاکە، بنو دادە!
ئێوە مەلی بەهەشتێن و
من ئەو ڕۆژەی ڕەبیە و خەش و ئەمن و ئاگر دەنێنە چاڵ
من ئەو ڕۆژەی دەیسووتێنین سیحری ئەنفال
دەبمە گمەی ناو دەنووکتان
سروودی (ئەی ڕەقیب) دەڵێم لەسەر ئارامگای هەردووکتان
لەسەر گۆڕی کاک حسێنیش
سۆزی ئێزەدی دادەنێم
لەسەر سەوزەی شەهیدانمان
ئالاّی شیعرم هەڵدەکرێ.

هەر مەزرایە، بەرت لێ ویست
نایێتە بەر، سەر نەکرێ!

***

بۆ مامۆستا حسێن

١٩٩١/١١/٢١

وتیان مۆمێ کوژایەوە
ئەستێرەیەک لە ئاسۆوە بێ دەنگ کشا
وتیان ئەمڕۆ بروسکەیەک لە هەورەوە
گڕی بەردایە کێوێکمان
سەرچاوەییێکی ڕۆشنی بەر مانگەشەو
ناچێتەوە سەر زێیەکمان
وتیان ڕۆژێک لە مانگێکا و
مانگێکیشمان لە ساڵێکا و
ساڵێکیشمان لە چەرخێکا لەیەک بڕان
وتیان ئەوا ساڵنامەییێک پەرەییێکی لە خۆی دڕان
وتیان دەرسێک پۆلی جێهێشت
سؤالێکی ئێجگار گرنگ
شی کردنەوەی تێدا تاسا
وتیان دەنگێک وا کۆڵی خۆی پێچایەوە لەناو باسا
ئەم قسانە لەناو هۆشما خڕ بوونەوە
چوون بەیەکا و بوون بەخەبەر
کاکە حسێنی ڕۆشنبیر،
کاکە حسێنی مامۆستا، چوو بۆ سەفەر
بۆ لای کۆڕی شەهیدانمان
بوو بە تەتەر
مژدەی دانێ، وا ئازادی گەلەکەمان
زۆر نزیکە
وەکوو نێوانی (عەربەت) و دێی (باریکە)
وەک نێوانی شیعر و دەروون

وەکوو مەرگی دیکتاتۆری ڕیسوا و زەبوون!
وەک نێوانی هۆش و گوێمان
وەکوو ئاوەدانی و دێمان
وتیان بەخێربێی کاک حسێن،
ئەمە دوایین سەفەرمانە
ئەم کۆچەمان بوو بەپەیام
پەیامێکی ئێجگار وردە
لە دەفتەری خواوەندیشا
تاپۆی سووری ئەم خاکەمان
سەرانسەری لەسەر کوردە!!

***

ئۆف هەژاری

١٩٩١/١٢/٦

ئۆف هەژاری، ئۆف ئەو زامەی پۆرکی هەموو زامەکانی
ئۆف هەژاری، ئۆف ئەو دەردەی گرێی هەموو نامەکانی
ئۆف هەژاری، ئۆف ئەو بارەی لادیوار و تاشەبەردی
ئۆف هەژاری، ئۆف ئەو خەمەی خەمی گەورە و ئاهی سەردی
ئۆف هەژاری، ئۆف ئەو ناخەی هەموو دەردێکت تێدایە
ئەوەی خرایە جوغزی تۆ، هەزار کۆسپی لە ڕێدایە
ئەی تۆ هەژار بۆ هەڵناسی، بۆ ناپرسیت... کوانێ چارە؟
ئەوەی سەبری لە تۆ ئەوێ، با خۆی بێتە ژێر ئەم بارە!!

***

کۆپلە شیعرەکان

١٩٩٢/٤/٢

١- ژنێک وتی: ئەرێ خاڵە دەنگوباسی ژیان چییە؟
حاڵی کوردان لەچیدایە؟
وتم... دادە، دڵنیابە هێشتا سەنگەر نەڕووخاوە
خۆ چیامان هەر سەرکەشە

ئەمڕۆ خەرمانی تێکۆشان
سوورە پوختەیە بێ خەشە.

٢- ژنێکم دی قەترانی بوو
سەرپۆشی ڕەش، کراسی ڕەش، پێڵاوی ڕەش
چاوی کەیلیشی هەر ڕەش بوو
کەچی لە تابلۆی سینەیا، ڕەنگی هیوا هێندە گەش بوو
دەتوت خۆری لێدراوە
وەهام دەزانی پوولەکەی ئەم دنیایە
بەباڵایا هەڵکراوە

٣- هۆ ژنینە... کە دایک بن
وەکوو تاجن لەسەر سەری هەموو پیاوێ
کە خوشکیش بن، براکانتان پەرژینتانن
کە هاوسەر بن، فەریزەی خوان لەسەرمانن
ئێوە وەرزی بەرەکەتن، ئێوە پیتی سەر خەرمانن.

٤- هۆ کچەکە، کە تۆ دەبی بەخاتووزین... کاکە مەمم
کە دەشبمە دەروێش وەلی،
توخوا بڵێ منیش شەمم
گوڵەکەی خۆم...
کە دەبیتە بەستەی ئەوین قوربانتم
ئەمن مەستی مەیی خەستی چاوانتم
کچە کوردە ئازیزەکەم، خەمت نەبێ
هەر منی کورد یار و کاک و باوانتم!!

٥- قەت پێت نالێم، قۆڵ هەڵماڵە بۆ سەر کارێ
گەر تۆم لە خۆم لا کەمتر بێ، بەردەبارێ
تۆ پێشمەرگەی، تۆ مامۆستای، تۆ ڕابەری
تۆ دەتوانی، پەچە لەڕووی گورگەنێری ئەم سەردەمەمان لابەری!
پێڵاوەکەت لەسەرسەری ستەمکارە
دەرگای دڵت دەکەیتەوە، هەزار شارە،

هەزار زارە!

٦- گوێ ڕاگرە، لەم کەلامە
دەڵێن نەزەرت حەرامە
وتم یاشێخ تۆ ڕات چییە
-ڕستەییێکی زۆر بێ تامە-

٧- سوێندم بەخەم، بەئازارم
بەکەژەی جوان و بەهارم
بەچاوی شارۆ و نیگارم
هۆ دایکە کورد، ئەندێشەمی
تۆ سروودی زامانمی
تۆ گلێنەی چاوانمی
تۆ مۆبەدمی قیبلەگامی
تۆ خۆت مەیمی، تۆ خۆت جامی.

٨- لەبەر ئەوە تۆم خۆش ناوێ لێو تەنکی و دەمت پاراو
وەکوو شووشەی بەرباخەڵی پڕ لە گوڵاو
لەبەرئەوە تۆم خۆش ناوێ چاوت مەستە
باخی سینەت پڕ بەدەستە
لەبەرئەوە تۆم خۆش ناوێ قژت لوولە، گۆنا ئاڵێت
سی ساڵە من شاعیری تۆم، هێشتا دەڵێی چواردە ساڵێت
لەبەر ئەوە تۆم خۆش ناوێ پەنجەکانت دە دەنووکە نێرەکەون
گەلاوێژی چاوەکانت، نەک هەر بەشەو
خۆ بەڕۆژیش هەر ناخەون!
لەبەرئەوە تۆم خۆش ناوێ وەکوو سوێسکە لەنجە دەکەی
وەکوو کاراسکی سەرکاوان سەما لەسەر پەنجە دەکەی
لەبەرئەوە تۆم خۆش ناوێ هێڵی بڕۆت...
قولاپێکە نەرم و نیان، ڕام دەکێشێ
لەبەر ئەوە تۆم خۆش ناوێ، کە لالووت بی دڵم دێشێ
لەبەرئەوە تۆم خۆش ناوێ باڵا بەرزی یا خرپنی،
تۆم خۆش دەوێ چونکە ژنی
لەکتێبی ئەندێشەما تۆ ئایەتی

تۆ شازادەی پەریزادەی حکایەتی
تۆ نهێنی ئەم گەردوونەت لە چاوایە
ئای کە جوانی
مەمکی لەسەر زاری ساوا، نانی ناو باوەشی شوانی!
ئای کە جوانی!

***

خەون و خەیاڵ

١٩٩٢/٥/١٢

هەموو شەوێک، کە خۆم دەخەمە توێی نوێن
خەیاڵی من بەرەو لای تۆ خۆی دەهاوێ
لەو چەرچەفەی کە تۆ داوتە بەسەر خۆتا، خۆی دەساوێ
دەچێتە ناو سەرینەکەت، هەناسەی تۆ هەڵدەمژێ
دەبێ بەگارد، خەوی ناخۆشی ناو جێگەت بۆ دەکوژێ
لە نێوانی مەمکەکانتا، خۆی مات دەدا
یەخەی سوخمەت دەکاتەوە
لەبەر گلۆپی سفریشا لێفەت لێ هەڵدەداتەوە
وەکوو ساواییێکی گڕۆز، گۆی مەمانت دەگرێ بەدەم
بۆنی عارەقەی باخەڵت تۆزە تۆزە دەکات بەژەم
هەموو گیانت دەپشکنێ، لەسینەتا خۆی خڕدەدا
بۆ سبەینێ هەزار شیعر و وشەی جوانی بەقڕ دەدا
کە وەنەوزی چاوەکانت دەتەکێنێ و
کەمێ باڵی چاوت دەدەی
کە دەست دەبەی، تێبڵ لەمپی لای سەرینی بۆ هەڵدەکەی
خەیاڵی من دەپەشۆکێ و بۆ گرتنی
نازانیت دەست بۆ کوێت ببەی
بەر لەئەوەی خەو داتگرێ، دەگاتە نێو چاوەکانت
وەک شەهیدێ، هێدی هێدی تارای پێڵووتی پیا دەدەی
ئەوسا منیش لێی دەنووم و بەلێومەوە هەردەمێنێ
تامی خۆشی هەزار ئۆخەی!

***

غەزەب

١٩٩٢/٦/٢١

یادت کە دەرگای دڵمی کردەوە
وەک مژدەی ناکاو هۆشمی بردەوە
گۆچانی عەشقم گرت بەدەستەوە
سەرلەنوێ وزەم لە خۆم بەستەوە
شیعری چاویشتم کرد بەسروودێ
هەر تۆنێکی ئەو بوو بەدروودێ
کە هاتمە دەرگات وەهام دەزانی
گوڵم ڕازییە ببمە قوربانی!
هیچ نەبێ دەڵێی ها ئەوە دەستم
بینێ سەرچاوت، بەس بڵێ پەستم
هیچ نەبێ دەڵێی ها تیلەی چاوم
تیرە و بەئەنقەست بۆ تۆی دەهاوم
کەچی گرژومۆن لێم لووتە لابووی
من شۆڕەبی بووم، تۆش ڕەشەبا بووی!
هەرزەو مناڵیت دەگرمە دڵم
من هەر لقێ بم، تۆی تۆپی گوڵم
غەزەب دەبارێ و من هەر لە دوو دێم
بۆ خوا خەندەییێک، ئەوا دەسووتێم
ئەینا ها چەقۆ، ئەوەش گەردنم
لووتەلایی تۆ، واتە مردنم!

***

گرەو

١٩٩٢/٧/٢٠

سووتانی من بەردەوامە... تۆش ناپرسی لە حاڵی من
حاڵ و ماڵم موڵکی خۆتە، بۆ سەرنادەی لە ماڵی من؟!
ئەندێشەمە ڕاڕەوی تۆ، ڕەزمی لەنجەت شیعری منە
دەروێشێکی کەمەندکێشم، هەر ناوی تۆ زیکری منە
لە چلچرای چاوەکانتا، چرای خۆشیان دڵی منە

لەناو باخ و بەراویشتا ، هەرچی گوڵی پشکووتووە
پشکۆی گەشی کوڵی منە
خۆ من زۆرم لە تۆ ناوێ...
تەنها گوڵی دەم و لێوتم بدەرەوە
داوا ناکەم هەرچی دەرگای باخت هەیە بیکەیتەوە
تەنها دەرگای باخی بەیان بکەرەوە
لەپێش دەمتام، نیگاکانت دابەزێنە ،
بەس بڕوانە ، بۆ سەرەوە
لە ئەتوونی وا عەشقێکام، کە خۆم لە بیر دەچێتەوە
دەتۆ خۆمم بیرخەرەوە
گرەومان کرد لەسەر ماچێ... تۆ نەتدامێ!
گرەو بکەین لەسەرگیانم، گرەوی وام لێ بەرەوە!

***

کاروان

١٩٩٢/٧/٢٢

کە کاروانی ماندووی بادە، دەگاتە هەورازی سەرم
لە ناخمەوە دەکرێمەوە
وەک شۆڕەبی گوێ چەمی وشک بەسەرخۆمدا
دەشکێمەوە
لەرێی خۆری واقیعماندا، تەپکەی بێژنگ دەنێمەوە
ئەو زۆ قورسە و منیش هیلاک
ئیتر بۆ خۆم دەتوێمەوە
کێ دەتوانێ خەبەر بدا... منی عاشق جارێکی کە
دەڕوێمەوە ؟!

***

سەفیر

١٩٩٢/٧/٢٢

کە تۆ بۆنی لێوی خۆتت دا لە لێوم
لەو ساتەوە من یەخسیرم
تۆ یارێکی بچکۆلانەی تووڕە و بزێو

من عاشقێکی زۆر ژیرم
وەکوو دەڵێن، تۆ سوڵتانی و من دەروێشێکی فەقیرم
تۆ کاندیدای ڕابەریت و ئەمن باشترین مودیرم
لە کابینەی وەزیرانتا هەتا دەمرم هەر وەزیرم
بێ نمەک نیم...
تامی بۆن و بەرامەتم لە چێژایە و دێتە بیرم
خۆ من بەسەر تۆ دا نیمە...
چونکە لەناو دەستی تۆدا هەموو ساتێ وەک هەویرم
بۆ هەر لایێک ڕەوانەم کەی لە هەندەرانی دووریشا
مۆری شاهانەی تۆم پێیە ، ئەمن سەفیری کەبیرم.

***

فریشتە

١٩٩٢/٧/٢٨

بۆ گۆرانی

من بۆ شۆخێ چاوەڕوانم
قوربانی بێ سەرو گیانم
پێشی دەرگای ماڵەکەیان
دەکەم بەماڵە باوانم
تیشکی چاویم بۆ دەهاوێ
دەبم بەنێچیری ڕاوێ
من شایستەی دووچاوت نیم
بمکە بەقوربانی چاوێ
کە شەو دابێ، خەیاڵمی
شەرابی عەشقی تاڵمی
هێندە سۆزت لەدڵمایە
من دەروێش و تۆ حاڵمی
من دەزانم چەندێ جوانی
ئەستێرەی ناو گۆمی وانی

ئەگەر جوانیی ببێ بەخوان
لەگەڵ شیرینا هاوخوانی
کیژە کوردی گوڵ وەدەمی
هاوڕێی خەج و زین و شەمی
هەموو جوانان تاکە تاکەن
تۆ هەمووانی، تۆ سەرجەمی
عەشقم بۆ تۆ ئێجگار پاکە
عەشقی وەهاش بۆ تۆ چاکە
ئەگەر لارییت لە من بینی
توخوا بمبەخشە بەم خاکە
کوردستانە هێلانەمان
کوردایەتیش پێوانەمان
تۆش ئەو سرووده خۆشەمی
بووی بەگۆرانیی سەر، دەمان
عەشقی تۆ بۆ من ئالآیە
دروشم و بەخت و بڕوایە
تۆ فریشتەی ئاسمانیت و
گیانی منت لەدەستایە

***

نووری پاک

١٩٩٢/٩/١٤

خۆشەویستیم بۆ تۆی ئازیز
کەس نازانێ چۆن چۆنییە
یاسای بوونە، لە گەردوونا
هیچ ڕووداوێ بێ هۆ نییە
تۆ زۆر جوانی و من ئەو شنەم
بۆنی جوانان دەکەم بەباڵ
گەڕیدەی شاری دڵانم
دەدەم لە دەرگای ماڵ بەماڵ

کە من جوانیی تۆ هەڵگرم
شارانی پێ ڕوونکەمەوە
نیگای سلاوم تێ بکا
چۆن وەلامی نادەمەوە؟
لە جوانیتا دەتوێمەوە
لە بازنەتا دەخولێمەوە
من برینی عەشقی کۆنم
بەچاوی جوان دەکولێمەوە
شوێن پێیەکت بەردە مۆرەی
نوێژی شام و بەیانیمە
چی بفەرمووی هەر (لَبَیّكَ)ەو
چیم پێ دەکەی هەر ڕازیمە
ئەو ڕۆژەی تۆ بڕیار دەدەی
نوقڵێ لێوت بدەی بەمن
کێوی ستەم لە دنیاما،
لەناخمدا دێنێ لەبن
بەفرمێسکم ئەو ئەندێشە
دەشۆمەوە نووری پاکە
ئازیز هاوتای خۆشەویستیت
تەنها گەل و بڕوا و خاکە!!

***

خەون

١٩٩٢/٩/٢١

لەدەرگام دا... وتی: کێیە؟
وتم: خۆمم،
وتی: خەبەری نوێت پێیە؟...
یا، دیدەنیم بۆ تۆ سایەی سەرە ڕێیە؟
وتم شەوێ خەونم بینی:
من کەلێ بووم بە زەردەوە،

دنیا هێلکەی بەرچاوم بوو،
شاخەکانم چنگیان خستە سینە و مەمکی ئاسمانەوە
چاوەکانم تا گەلاوێژ، ڕۆیشتن و گەڕانەوە
تۆ لەوێ بووی... لە زەردەوە من پرمانم،
وتم خاوەنی فرمانم
فرمانم دا گەلاوێژیان خستە پێشم
دەستم هێنا، بەرەو لای خۆم ڕاتبکێشم
وتت: نەکەی
دەست لە نهێنی خوا نەدەی
ڕقم هەستا و شۆقێکم گرتە ئاسمان و هات بەسەرما،
شەلاڵی عارەقەی خۆم بووم لە جێگاییێکی زۆر گەرما
کە پێڵووی چاوی خۆم پروان... گەلاوێژم لێ ئاوابوو
هەر بۆنی تۆ لە ناوابوو
هەر ناوی تۆ پڕ بەسرووەدی زارم بوو
هەرچاوی تۆ کاروانکوژەی سەرشارم بوو
خەونامەکەت بکەرەوە
ئەم خەونەم بۆ لێکدەرەوە

***

ئای لەو شەوەی چواردە سەعات.
لەم شوێنەدا خۆم دابووە لا دیوارێ
وام دەزانی ئەم ئاسمانە دەریاییێکە و
بەسەر مندا دادەبارێ
وتم مردم، تازە چرۆیەک دەرناکەم
(ماوەت) وتی تۆ نامریت...
تۆ دەبیتە لێڕەوارێ!

ئەم کورتە شیعرە لە ماوەتی وێرانە مانگی ئابی ١٩٩١ لەو خانووە نیوە ڕووخاوەدا خوێندمەوە کە لە ڕەوی بەهاری ئازادیی کوژراوا چەند هەزار کەسێکی سەر لێ شێواو شەوێکمان بەبرسێتی و لەژێر لێزمەی باران و سەرمادا بردەسەر .

***

بۆ منداڵان
قوتابخانەی ڕەفیق حیلمی

١٩٩٥

قوتابخانە ئازیزەکەم شانازیمە!
فێرگەی منە و جێگەی دڵخۆشی و وازیمە.
ناوی، ناوی مامۆستایەکی زانایە
تا کورد مابێ، ڕێزی لەناخی دڵدایە
ڕەفیق حیلمی، ڕابەری ڕێی بیری ڕوونە
بۆ ڕەشماڵی هیوای ئێمە وەک ستوونە
من نارینم(١) بەرچاو ڕوون و هیوادارم
خوێندن دەکەم بەسرووەدی خۆشی زارم
بۆ کوردستان، ئاوەدانی و، بۆ کورد: ژیان
خامە چەک بێ و وشە ئاسۆی، دەمەو بەیان
من لەباخ و لە ئاشتیدا زوو پێدەگەم!
کام وانەیە کە زۆر قورسە لێی تێدەگەم!
من بولبولم، جێگەم سایەی چڵ و گوڵە
تەنها باخی پڕ لە گوڵان، جێی بولبولە
ڕەفیق حیلمی خۆی مامۆستا و خۆی ڕابەرمە
لەژیانما هەتا مابم تاجی سەرمە!

***

شەهیدان مژدەی شەفەقن

من بۆ شەهیدان چێ بڵێم چاکە؟
کێ وەکوو شەهید بێ خەوش و پاکە؟
کەسێک بتوانێت گیانی ببەخشێت،
بەگەلی، مێژوو هەر بەو دەنەخشێت
بۆ نیشتمان و گەل و مرازی

(١) نارین: کوڕەزای خۆمە ، قوتابی ئەو قوتابخانەیەیە.

هەر گیان بەخشینە مایەی شانازی
هۆ شەهیدەکان سەروەرن ئێوە
لەڕێی خەباتا، ڕابەرن ئێوە
هۆ شەهیدەکان خاکتان پیرۆزە
عەتری مەزارتان گوڵی نەورۆزە
لەگەڵ باوەڕا ئێوە مەبەستن
ئێوە پەیام و ئیلهام و هەستن
لە کۆڕی عەشقی گیانبازەکانا
لە سۆز و نۆتەی ئاوازەکانا
شەهید! شابەیتی چامەی ژیانی
مژدەی شەفەق و ئاسۆی بەیانی!

***

بۆ یادی میرزا مەنگوڕی

١٩٩٢/٧/٣٠

جارێک وتم ئەگەر ڕۆژێ چاو بڕێژم
کلم بەردی کێوە ڕەشە(١)
ئەگەر ڕۆژێ داوای ئاوی زەمزەم بکەم
ئەوە «قولە» و ئاوی ڕوونی(٢)
ئەگەر ڕۆژێ وتم دەبێ خۆم لە ئاڵتوون هەڵبکێشم
گوڵەبەڕۆژەی بیتوێنە دەیکەمەبەر
ئەگەر بووکی شیعر و وشەم داوای خشڵانم لێ بکات
گوڵە گەندمی پڕدانی دەدەم لەسەر
ئەگەر ویستم حەجێ بکەم، دەستم بۆ خوا هەڵبڕم
لەسەر مەزاری (مەنگوڕی) دێم بەچۆکا
ئەشکم بلووریی کفنەکەی بۆ لەشۆکا(٣)
ئۆخەی میرزا، لە ئامێزی کێوەڕەشدا،

(١) کێوەڕەش ئەو کێوەیە کە شاری ڕانییە لە دامێنیدایە
(٢) ئەو گۆماوەی کە لەناو جەرگەی شاری ڕانییەدایە ئاوی شار دابین دەکات
(٣) لەشۆکردنی هەر کاڵایەک یەکەم شتنیەتی

مەمکی بیتوێنت لەزارە،
لە داوێنی مەزارەکەت، جەژنی ئازادی و بەهارە!

***

بۆ یادی پیری شاعیران
میرزا مەنگوڕی

١٩٨٨/٢/٢٢

مامە میرزا،
پیری شیعر!
چەپکێ خەمی پیرۆزی خۆم
دیارییە و بۆت دەنێرم
مامە میرزا!
دیاریی من
پەیکی ئازاری عومرێکە و
وا بۆ لای تۆ ڕای ئەسپێرم
مامە میرزا،
دەروونی من...
جێ نزرگەی شاعیرانە
شاعیرانی وەکو ئێوە
مامە میرزا،
چاوەکانم
خۆرنشینی یادەکانتە
من تۆ دەبینم لەوێوە!
مامە میرزا،
دەخیلت بم
گرێیەکم لە دڵایە
بەشیعر بۆم دەکەیتەوە؟
مامە میرزا،
سوێندم بەتۆ
ئەگەر شەختەی ئەم زستانە

ڕەویەوە و بەهارێ هات!
خۆڵی دامێنی مەزارت
دەکەم بەسورمەی چاوەکەم
بەبێ هاوار،
بەبێ شکات!

***

سەری ساڵی ١٩٩٦

«شیعر بۆ منداڵانی کورد»

ئەمڕۆ جەژنی سەری ساڵە
ئێمەش ماڵمان بێ ئەحواڵە
دێوەزمەی شەڕی ناوخۆ
لەناوماندا هێزی زاڵە!
ئێمە زەدەی هەژارین و
سەرما هەڵمان دەقرچێنێ
ڕۆژگار تاشەبەردی مەینەت
بەسەرماندا دەڕووخێنێ
گەلان ئەمڕۆ لەشادی دان
سەما و بەزم و هەڵپەڕکێیە
بەرەو هۆڵی گەرم و رووناک
ڕاکەڕاکە و پێشبڕکێیە
ئێمەش گەدەمان خاڵییە و
شەومان بێ شەوق و چرایە
لەسەنگەری بەرەوڕوودا
برا، نیشانی برایە!!
ئەگەر شەڕتان بۆ ئێمەیە
بەپێی بڵندگۆی هەڵەوەڕ
ئەوا ئێمە ئاشتیخوازین
چش لە ئێوە و نەفرەت لەشەڕ!
ئێوە شەیدای دەستەڵاتن
هەرچۆن بڕەخسێ تەواوە،

گرانییە، وێرانییە،
یاخود سێلاوی خوێناوە!!
خەونی ئێمە، ژیانێکە
بێ مەترسی و خۆش هەوایە
هەژارانیش لەسایەی دا
بەشی خۆیان پێ ڕەوایە.
کوردستانی ئاوەدانە
بەستە و سروود و ئاوازە
ئەوەی ژیان دەشێوێنێ
لە توخمی گورگ و بەرازە!
منداڵانی ئەم دنیایە
ئەگەر دەنگمان دەتان گاتێ؟
وەرن لەگەڵ ئازارماندا
بمێننەوە هەر بۆ ساتێ!
سەری ساڵە و گوایا جەژنە!
نیوەی گەلمان ئاوارەیە
هەر مەینەتی و خەم و ترسە
بەروبوومی ئەم بارەیە
نەفرەت لەڕووی پاوانخوازی
لەعنەت لە تۆش بێ، داگیرکەر!
بۆ نایەڵن لەم خاکەدا
کوردیش بژی وەکوو بەشەر؟!!

***

سروودی خانی

پێشکەشە بەلالۆ ڕەنجدەر بەو هیوایەی ببیکات بەسروود

١٩٩٥/٦/٢٧

دەرگای ئاسمان بکەنەوە
یەکەم، دووەم هەتا حەوتەم
من خەڵوەتیی ئەو ئەشکەوتەم...